**مەسرور بارزانی**
**لە یادی شۆڕشی گوڵاندا:**

# ئێدی کورد کارتی یاری نیە و بووەتە یاریکەرێکی سەرەکیی داڕشتنی سیاسەتی ناوچەکە



بە بۆنەی ساڵوەگەڕی هەلگیرسانی شۆرشی گوڵان، گەرمترین پیرۆزباییم ئاراستەی گشت تێکۆشەرانی گەلەکەمان، بە تایبەت پێشمەرگە و کادیرە بەشداربووەکانی ئەم شۆرشە کاریگەرەی مێژووی نوێی گەلەکەمان دەکەم.

شۆڕشی گوڵان وەک درێژەپێدەری شۆرشی ئەیلولی مەزن، بوو بە هێمای خۆراگری و ئەو پەیامەی بە هەموو جیهان ڕاگەیاند کە هیچ پیلانێک ناتوانێت ئیرادە و ویستی گەل کپ بکات. ئەم شۆڕشە بەخشینەوەی هیوا و ئۆمێد و گوڕ و تینێکی نوێ بوو بۆ ناو کۆڕی خەباتی گەلەکەمان.

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە میانەی شۆرشی گوڵاندا پەرەی بە ئەزموونی کاری بەرەیی و فرە حیزبی دا و وێڕای هەموو گرفتەکان توانرا یەکڕیزی و تەبایی نێوان هێزەکانی ئەوسای مەیدانی خەبات بپارێزرێت و بەرهەمی ئەم یەکریزییەش دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی مەزنی گەلەکەمانی لە ساڵی ١٩٩١ لێ کەوتەوە.

ئێستا کە ئەم یادە دەکەینەوە بەرهەمەکانی شۆرش و قوربانیدانی گەلەکەمان پەرەیسەندووە و پێگەی کورد لە سیاسەتی ناوچەکەدا گۆڕانی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێک کە ئێدی کورد کارتی یاری نیە، بەڵکو بووەتە یاریکەرێکی سەرەکیی داڕشتنی سیاسەتی ناوچەکە.

ئاسۆی بەردەمی کورد ڕوونە و لەو بڕوایەداین کە بە پاراستنی یەکڕیزی و تەباییمان دەتوانین بەهێزتر لە جاران بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێین و گشت ماف و ئاواتە دێرینەکانمان بە شێوازی ئاشتیانە و سەردەمیانە دەستەبەر بکەین.

لەم یادەدا سەری رێز و نەوازش بۆ گیانی شەهیدانی شۆرشی گولان و سەرجەم شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد دادەنوێنم. لەم بۆنەیەدا ڕیز و سڵاوی بێ پایانم ئاراستەی خانەوادەی شەهید و ئەنفالکراوان دەکەم.

شەرەفی ئەوەم هەبوو کە لە شۆرشی گوڵاندا پێشمەرگە بم و ئەم شۆرشە ئاوێتەی بیرەوەریە تاڵ و شیرینەکانمە، لێرەدا یادی سەرکردەی هەمیشە زیندووی شۆرشی گوڵان کاک ئیدریس بارزانی و گشت ئەو هاوسەنگەر و تێکۆشەرانەمان دەکەم کە ئەمڕۆ لەناومان نین، یادیان هەردەم لە دڵماندا بە زیندوویی دەمێنتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**٢٠١٣/٥/٢٥**





## هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ٢٦ی گوڵان

# دروست بوونەوەی ئومێد بوو لە هەناوی نائومێدیدا



پرۆفیسۆری هاریکار د.عەلی تەتەر نێروەیی

تایبەت بۆ گوڵان نوسیویەتی

ئامانجی سەرەکی لە ڕێککەوتنی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لە جەزائیر، کە سەدام حوسێن لەگەڵ محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی بەناوبژیوانی هەواری بومدیەن سەرۆك کوماری جەزائیر لە کۆنفرانسی سەرۆك وڵاتانی ئەندام لە (ئۆپیك)دا ئیمزاکرا، لە ناوبردنی شۆڕشی ئەیلوول بە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی بوو. حکومەتی عێراق ئامادە ببوو دەست لە بەشێك لە خاك و سنوورە ئاوییەکەی خۆی لە شەتی عەرەب هەڵبگرێت تاکو بتوانێت بۆ یەکەمجار پاش بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١، دەسەڵاتی خۆی بۆ سەر هەموو کوردستانی عێراق بگەڕێنێتەوە، لە مانگی نیسانی ١٩٧٥ هەموو شوێنە ستراتیژییەکانی کوردستانی گرتبوو. بۆیە بە دەرفەتێکی باشی دەزانی تا سیاسەت و ئامانجەکانی لە کوردستاندا جێبەجێ بکات. بەپێی بەڵگەنامە فەرمیەکانی ئەمریکاش شای ئێرانیش گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە مەترسی سەرکەوتنی کورد بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران زۆرترە لە سەرکەوتنی عێراق و بەهێزبوونی. بۆیە لەم ڕوویەوە هەردوولا سوور بوون لەسەر ئەوەی کە جارێکیتر شۆڕشی کورد، سەرهەڵنەداتەوە.

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئەوەی حکومەتی عێراق چاوەڕوانی دەکرد نەهاتە دی، کورد نە لەبەعس نزیکتر بووەوەو نە لەشۆڕشی کوردیش دوورکەوتەوە. مەزەندە دەکرا کە هەر کاتێك شۆڕش سەرهەڵبداتەوە بە هەزاران کورد پێوەندی پێوە بکەن. بۆیە هەم ناوچەکانی سنووری کوردستانی ڕاگواست و هەم بەردەوامی دایە ڕاگواستنی ناوچەکانی هاوسنوور لەگەڵ عەرەب و نیشتەجێکردنی خێڵە عەرەبەکان لەو شوێنانەدا. بۆ ئەوەی جارێکیتر بەرگری لەسەر سنوورەکانی دروست نەبێتەوە، حکومەت سیاسەتی لێکدابڕانی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی خۆیان و ڕاگواستنیان بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق پەیڕەوکردو دروستکردنی پشتێنەی ئاسایش لەسەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا لەگەڵ عێراقدا بە قووڵایی ١٥- ٢٥ کیلۆمەتر و بە درێژایی ٨٠٠ کم دەبووە هۆی کۆسپێك لەبەردەم کۆنتاکت و تێکەڵاوی و هاتوچووی کوردەکانی پارچەکانی تر لەگەڵ کوردی باشووردا.

حکومەت لە ساڵی ١٩٧٥ـەوە کوردی فەیلی لە ناوچەکانی خانەقین، جەلەولا، مەندەلی، شارەبان، بەدرەو زڕباتیە، بۆ باشووری عێراق یان هەولێر، سلێمانی و کەلار پاش دەست بەسەرداگرتنی داراییان گواستبووەوە و گوندەکانیان ڕووخێندرابوو یان عەرەبی لەسەر نیشتەجێ کردبوو، شێوازێکی تری حکومەت لە بە عەرەبکردن، بریتی بوو لە گۆڕینی نەتەوەی مەسیحی و ئێزدی و هەموو کەمە نەتەوە و ئایینەکانی تر لە عێراقدا.

ڕاوەستاندنی شۆڕش پاش ڕێککەوتنی جەزائیر زۆر کاتی بوو و پاش ئەوەی کورد لەو گێژاوە هوشیار بووەوە هەر زوو بزاڤێکی گەورەیان کرد کە جارێکی تر شۆڕش زیندوو بکەنەوە. سەرکردایەتی شۆڕش پێش ئەوەی لە ٢٥ی ئاداری ١٩٧٥ لە سنوور دەرباز ببێت، هەندێك پێشمەرگەی ڕاسپاردبوو کە خۆیان تەسلیم نەکەنەوە و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە سنوورەکانی عێراق و تورکیا بە تایبەت لە ناوچەکانی بەرواری باڵا، نێروە، دوسکی ژووری و هەرکی بنەجێ بمێننەوە. ئەم پێشمەرگانە بناغەی یەکەم مەفرەزەکانی چەکداری ئەو شۆڕشەیان پێکهێنا کە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٦ـەوە هەڵگیرسایەوە.

مسعود بارزانی دەنووسێت: «پاش نەکسەی ١٩٧٥ زۆر کەس ڕایان کرد لە مەیدان و پێش ئەو کاتە بە هەموو شت ڕازی بوون و بەشدار بوون لە هەموو بڕیارەکاندا، باش یان خراپ و دەوری باڵایان هەبوو و زۆر لە بارزانی نزیك بوون و نزیکبوونەوەیان سوودی شەخسی خۆیانی تێدا بوو، بەڵام پاش نەکسە نەك هەر لە بارزانی دوور کەوتنەوە، بەڵکو بە هەموو جۆرێك هەوڵیاندا مەسئولیەت بخەنە سەر شانی ئەو و بەس.. هەموو قیادە مەسئوول بووەو ئەمە واقیع و حەقیقەتە.». هەروەها دەنووسێت کە نابێت بترسین و دان بە هەڵەکانمان دانەنێین؛ زۆر هەڵە کرابوو چ لەژێر فشاری ڕووداو و چ لە نەزانینەوە و تووشی لە خۆبایی بوون هاتبوون. ڕۆژ بە ڕۆژ گیانی شۆڕشگێڕییان لەدەست دابوو. لەو بارودۆخە دژوارەدا، کەس خۆی لە ڕابردوو بە خاوەن نەدەزانی و هەر کەسێك بە شێوەیەك هۆیەکانی ئەم شکستەی لێك دەدایەوە.

**پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، ئەوەی حکومەتی عێراق چاوەڕوانی دەکرد نەهاتەدی، کورد نە لەبەعس نزیکتر بووەوەو نە لەشۆڕشی کوردیش دوورکەوتەوە**

بە شێوەیەکی گشتی وەفادارانی شۆڕش لە سەرکردەو کادر و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول هەر یەك لە شوێنی خۆی و بەو شێوەیەی کە لە بەرژەوەندی شۆڕشی دەزانی، خۆی ئامادەی شۆڕش دەکردو ڕیزەکانیان ڕێکدەخستەوەو بۆ دەست پێکردنەوەی شۆڕش دەستیان کردبوو بە بزاڤی سیاسی لەناو کوردستان و دەوروبەری و لەنێو پەنابەرانی کورد لە ئێران و تورکیا و سووریا و ئەورووپا و تەنانەت لە نێو دوورخراوەکانی باشووری عێراق کە هێزێکی سیاسی ڕێکخستووی باشی لێ دروست ببوو. مسعود بارزانی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (کوردستان پرێس) لە وەڵامی پرسیارێکدا کە چۆن و لە چ بارودۆخێکدا دەستیان بە شۆڕش کردەوە وتی: «پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر نەکسەی ١٩٧٥دا و پاش گەیشتنی هاوکاری لە هەڤاڵانی ڕێکخستنی حزب لە ناوخۆی وڵاتەوە، سەرەڕای دژایەتی کردنی (ساڤاك) کە زۆر بە توندی دژی ڕێکخستنەکانمان دەجووڵایەوە و ژمارەیەکیشی تەسلیم بە عێراق کرد، ڕوخسەتمان لە بارزانی وەرگرت و سەر لە نوێ ڕیزەکانمان ڕێکخستەوە..».

ئەمجارە بۆ ڕێکخستنەوەی چالاکی خەباتگێڕی و دووبارە ڕێکخستنەوەی دامودەزگاکانی پارتایەتی و لەشکری لەسەر بناغەیەکی نوێ و بە پێی پێویستی سەردەمیانەو بە پێی بارودۆخی ئەو کات و سوود وەرگرتن لە ئەزموون و سەربردەی ڕابردوو، بارزانی هەر زوو لەسەر پێشنیازەکەی مسعود بارزانی ڕەزامەندی دەربڕیبوو و ڕایسپاردبوو و دەسەڵاتی ئەم کارەی دابووە دەستی و زۆر بە حەماس و گەشبینیەوە داوای سەرکەوتنی بۆ کردبوو. لە یەکەم هەنگاویدا مسعود بارزانی گرنگییەکی تایبەتی بەکادرو ڕەگەزی لاودابوو. بە تایبەتی کادیرانی دەزگای (پاراستن) کە هەم لاو بوون، هەم ڕۆشنبیر و ملکەچی و دسیپلینیان لە ئەوانی تر زیادتر بوو.

**شۆڕشی گوڵان شکاندنی بێدەنگی بووە بەرانبەر بەو پیلانە گەورەیەی کە هێزە سەرەکیەکانی جیهان و ناوچەکە تێیدا بەشدار بوون و بۆ کورد وەکو تەلیسمێکی لێ هاتبوو کە پێویست بوو بشکێندرێت**

مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی لەگەڵ عادل موراد (سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان) و عەبدولرەزاق میرزا عەزیز فەیلی (ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لاوان) و ڕەنج نووری شاوەیس و ئازا موحەمەد خەفاف (ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیان) دانیشتبوون و ڕاسپێردران کە بۆ دەست پێکردنی شۆڕش بەرەو سوریا بچن و(نوری شاوەیس)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرپرسیان بێت و پێویستە زەمینە بۆ شۆڕش ئامادە بکەن و لەگەڵ تاڵەبانیش قسە بکەن، ئەم کۆمەڵە لە ١٢ی نیسانی ١٩٧٥ گەیشتە بەیرووت، بەڵام نووری شاوەیس بەهۆی نەخۆشی چوو بۆ لەندەن و عادل موراد و عەبدولرەزاق چوونە دیمەشق و بەشداریان لە دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد.

مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی که هەر لە هەفتەی یەکەمی نیسانی ١٩٧٥ پێوەندییان بە کۆمەڵێك کادری سەرکردەی پارتی پەنابەر لە ئێراندا کردبوو و لە کۆتایی نیسان و سەرەتای گوڵان لەگەڵ جوهر نامق، ئازاد بەرواری، سامی شنگاری، فازڵ میرانی، عارف تەیفوور، کەریم شنگاری، محەمەد رەزا، تەحسین ئەترووشی، عەبدوڵڵا سەدیق مایی، فرەنسۆ حەریری، کەمال کەرکوکی، شێخ عەزیز سەرگەڵو، یونس رۆژبەیانی و ساڵح پێداوی کۆببوونەوە و دەستیان بە بزاڤی سیاسی نهێنی کردبوو. شەعبان غەفار بێدوهی، محەمەد خالد بۆسەلی، عەبدولرەحمان ساڵح و سیسو دری هەرکی وەکو کادر و تەتەریش بەکار دەهاتن.

لە یەکەم کۆبوونەوەی مسعود بارزانی لەگەڵ ئەو کەسانە لە ناوەڕاستی مانگی نیسان، ئەرك و بەرپرسیارەتیەکان دابەشکران و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی داواکاری خۆ رێکخستنەوەی پەنابەران و هەروەها هەندێ رێگاشیان دۆزیبووەوە کە پێوەندییان بە ناوخۆی کوردستان و عێراقەوە دەکرد. هەروەها پێوەندی کرا بەو کادیرانەی کە بۆ سوریا و تورکیا بەڕێکرابوون، لە هەمان کاتیشدا پێداویستیەکانی پێشمەرگە لەناو کوردستاندا بەجێ مابوو و ئەوانەی بەڕێکرابوون کاروباریان دابین کرابوو و پەیوەندییان بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە بەردەوام بوو.

مسعود بارزانی دەیزانی کە پاش ئەو نسکۆیەی کە بە سەر کورد داهاتبوو، شۆڕش تەنیا بە یەك پارت ناکرێت. بۆیە نامەی بۆ تاڵەبانی نووسیبوو و داوای هەماهەنگی لێ کردبوو، ئەویش لە سوریا راستەوخۆ وەڵامی دابووەوە و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری راگەیاندبوو، سوریاش نوێنەریان ناردبوو کە ئامادەن هاوکاری پارتی بکەن. مسعود بارزانی هەڤاڵانی راسپاردبوو کە لەگەڵ یەکێتی و کەسانی تر لە سوریا هاوکاربن؛ چونکە شۆڕشی ئەمجارە شۆڕشێکی فراوانخواز و فرەحزبی دەبێت.

هەروەك پێشتر باس کرا، پارتی هەندێك کادری لاو و رۆشنبیری خۆی لە مانگەکانی نیسان و گوڵاندا، راسپاردبوو کە بۆ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش دەست بەکار ببنەوە، جگە لەو کەسانەی کە لە یەکەم کۆبوونەوەدا لەگەڵ مسعود بارزانی بۆ ئەم کارە راسپێردرابوون، لە مانگی تەممووزدا پێوەندی بە عەلی عەبدوڵڵا، نووری شاوەیس، مەحمود عوسمان و شێرکۆ عەلی کرا. کۆنفرانسی هەڤدەهەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩٧٥ لە بەرلینی رۆژئاوا بەسترابوو، باشترین کات و شوێن بوو بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە ئەوروپا. پاش ئەوە ئەم ئەندامانە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥، سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی تا کۆنفرانسی ئابی ١٩٧٦ جێگیر نەکرا.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥ یەکەم بەیاننامەی لەژێر ناوی: (کوردستان مەیدانی راستەقینەی خەباتە ئەی جەماوەرەکەمان خەبات بکەن و واقیعی نەکسە لابدەن) ی دەرکرد، کە تێیدا سیاسەتی نوێ و ئامانج و شێوازی خەباتی خۆی دەربڕی بوو. لەم بەیاننامەیەدا بە توندی هێرش کرابووە سەر رژێمی شا و بەعس و جەختی لەسەر بەردەوامی پێدانی خەبات دەکردەوە بۆ بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی راستەقینە لە کوردستان، کە گەلی کورد بە هەموو مافەکانی رەوای نەتەوایەتی خۆی، لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا و دوور لە سەرکوتکردن، گرتن، هێرشی راگواستن و بەعەرەبکردن شاد بێت.

پارتی داوای کردبوو کە هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتووخوازەکان لە وڵاتدا تواناکانیان بکەن بە یەك دژی پیلانەکانی دارودەستەی تکریتی و ریسواکردنی رژێم. بەڵێنیان دابوو کە لە ئاستی نەتەوەیی لەگەڵ حزب و هێزە پێشکەوتووخوازەکانی کورد لە یەك ریزدا لە پێناو مافی نەتەوەیی کورد لە پارچەکانی کوردستانی گەورە لە هەر هەلومەرجێکدا و بە هەر بەهایەك رابووەستن.

لە هەلومەرجێکی زۆر ناخۆش و پڕ ململانێدا کورد خۆی بۆ سەرهەڵدان و شۆڕش ئامادە دەکرد، ریزبەندی و هەڵوێست وەرگرتن و چەکدار بوونەوە بە تیۆریەکانی سیاسی ئەو سەردەمە چاوەڕوانی شەڕێکی ناوخۆیی و ململانێیەکی دوور و درێژی لێدەکەوتەوە، لە هەمان کاتدا پاش ئەو لێدانە دەروونییەی کە لە کورد کەوتبوو، هەر جۆرە جموجوڵێکی سیاسی و چەکداری گەورەترین دەستکەوتی مێژوویی و سەروەرییەك بوو بۆ ئەو لایەنانە کە لەو بارودۆخەدا بە حکومەت بڵێنەوە کە «شۆڕشی کورد کۆتایی پێ نەهاتووە».

پارتی پاش نسکۆش، زۆرترین لایەنگیری هەبوو، ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو کە لە سەرەتای نیسانی ١٩٧٥ـەوە دەستیان کرد بە ئامادەکاری بۆ سەرهەڵدانەوەیەکی تری دژ بە رژێم. حکومەت نەیتوانیبوو زۆر سوود لە وەستاندنی شۆڕش وەربگرێت، چونکە سیاسەتێکی توندوتیژی بەرانبەر بە بەشداربووانی شۆڕشی ئەیلوول بە کاردەهێناو بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراقی راگواستبوون. بۆیە هەموو ئەو کەسانەی کە چ لایەنگری پارتی بوون چ دژی بوون، یەك دەنگ بوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە شۆڕش دژ بە بەعس دەست پێ بکرێتەوە.

مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی بۆ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش ژمارەیەك کادریان ناردە کوردستان. ئەو بەیاننامەیەی کە لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥ـەوە، دەرکرابوو ئاماژەیەك بوو، بۆ سەر لە نوێ خۆ رێکخستنەوە و ئامادە بوون بۆ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش. جەوهەر نامق و کەریم شنگاری کە لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ لە سەر سنوور لەناو خاکی تورکیادا بوون، توانییان لیژنەیەکی حزبی بە لێپرسراوێتی عەبدولرەحمان صالح لە سوریا دابمەزرێنن و هاشم رەمەزان (ئەبو عەنتر) رەوانەی هەکاری بکەن کە ببووە لێپرسراوی ئەم دەڤەرە. ناوبراوان پێوەندی بە حزبە کوردستانیەکان لە سوریا و تورکیاش دەکەن کە هاوکاری پارتی بکەن بۆ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، لە باکووری کوردستان لەو سەردەمەدا بارزانی تا رادەی پیرۆزی پەرستش دەکرا بۆیە ئامادەبوونی خۆیان بۆ هەموو هاوکاریەك دەربڕی.

جەوهەر نامق و کەریم شنگاری توانییان بە هۆی هاشم رەمەزان و عەبدولرەحمان صالح و چەند کادری ترەوە پێوەندی بە رێکخستنەکانی پارتی لە دهۆك، زاخو، موسڵ و سەرتاسەری پارێزگای دهوك لەوانەش مامۆستایان و قوتابیان، هەروەها بە چەند سەرۆك هوزێك بکەن و لە کۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ تا رادەیەك توانییان رێکخستنەکانی پارتی رێك بخەنەوە، لەو کاتەدا کۆمەڵێك گوندی بەهۆی وێرانکردنی گوندەکانیان، پێوەندیان بە یەکەم مەفرەزەکانی پێشمەرگەوە کرد.

لە ئێران دەست پێکردنەوەی شۆڕش زۆر سەخت بوو، بۆیە زۆربەی ئەو کادیرانەی بە نیازبوون شۆڕش بکەنەوە دەربازی سوریا ببوون، ئەو کەسانەی کە گەیشتبوونە سوریا تەنیا بەناوی

**ئەو کەسانەی کە گەیشتبوونە سوریا تەنیا بەناوی حزبێکەوە نەبوون، بەڵکو بەناوی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کوردەوە بوون، ئەوانەی لە ئێران بەڕێکران سەر بە پارتی بوون، بەڵام لەوێ لەگەڵ ئەندامانی یەکێتی پێکەوە مەشقیان دەکرد**

**ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سێ جار لە سەریەک وتبووی: «تەواو بوو بۆ هەتا هەتایە» بۆیە ئەم بزاڤە فراوانە لە خانەقین تا زاخۆ بۆ حکومەت شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو و پێشمەرگە بە حکومەتی عێراقی وت «کۆتایی نەهاتووە.»**

**بە پێی راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی ١١ی پارتیش ئەو کۆمەڵە کادیرانەی کە بۆ باشووری عێراق راگوێزرابوون ئەوانیش رۆڵی گرنگ و سەرەکییان هەبووە لە ناردن و دروستکردنی مەفرەزەکانی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٧٦دا و هەتا هەندێک لە پێشمەرگەکانی یەکەم مەفرەزەش پێوەندی کەسایەتییان هەبووە لەگەڵ ئەوانەدا**

حزبێك نەبوون، بەڵكو بەناوی دەستپێكردنەوەی شۆڕشی كورد بوون؛ چونكە ئەوانەی لە ئێران بەڕێكران سەر بە پارتی بوون، بەڵام لەوێ لەگەڵ ئەندامانی یەكێتی پێكەوە مەشقیان دەكرد.

پارتی هەر لە كۆتایی ساڵی ١٩٧٥و سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ لە ئەورووپا خەریكی رێكخستنەوەی رێكخراوەكانی بوو و خۆی بۆ كۆنفرانسێك لە مانگی ئابدا ئامادە دەكرد، رۆژی ٦ی ئاداری ١٩٧٦ رێكخستنەكانی پارتی لە لەندەن خۆپیشاندانێكیان دژ بە سیاسەتی عێراق و ئێران سازدا بوو تا بەم شێوەیە بیسەلمێنن كە رێكخستنەكەیان هەروەك خۆی چالاك ماوەو ورە بدەنە جەماوەر لە ناوەوە.

لەو كاتەدا پارتی خۆی بۆ دەستپێكرنەوەی شۆڕش ئامادە كردبوو، سامی شنگاری دەڵێ: «پاش ئەوەی كە سەركردایەتی كاتیی پرۆگرامی شۆڕش و رێكخستن و رۆشنبیری دانا، لە مانگی گوڵاندا لە نزیك سنوورەكانی توركیا لە ناوچەكانی سندی، گولی و بەرواری دەستی بە بزاف كرد و لە ماوەیەكی كەمدا سنووری كوردستانی عێراق لەگەڵ توركیا هەموو گیرا.. كەسێك پێش ئێمە دەستی پێ نەكردبوو و ئیعتمادی گشتی لەسەر خۆمان بوو» بەم شێوەیە پارتی خۆی لەسەر سنووری توركیا قایم كردبوو و پەرەی بەرێكخستنەكانی دەدا و خۆی بۆ سەرهەڵدان ئامادە كردبوو.

بە پێچەوانەی مەزندەكان، شۆڕش لە سنووری سوریا و توركیا هەڵنەگیرسا، بەڵكو لە سنووری ئێران و لە حاجی ئۆمەران لە ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦ مەفرەزەیەك لە پێشمەرگە بە چەكەوە چوونە چیاو بەگژ حكومەتدا چوون. مسعود بارزانی دەڵێ ئەو مەفرەزەیەی لە ٢٦ی گوڵان چوونە چیاو شۆڕشیان دەست پێكردەوە، ئەندام و پێشمەرگەی پارتی بوون و راستەوخۆ پێوەندیان بە ئەوەوە هەبوو و لە لایەن ئەوەوە چەك و یارمەتییان بۆ دابین كرابوو لەوانەش: سەید عەبدوڵڵا كە یەكەم قوربانی بوو و عەلیكوی برای، ئەحمەد نەبی، مەلا شیم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، عەلی كوردە و مەلا شێخ محەمەد. هەر بۆیەش ئەو رۆژە بە رۆژی شۆڕشی نوێی پارتی بە ناوی شۆڕشی گوڵانەوە ناودەبرێت. سەرەڕای ئەوەی كە هەوڵ دەدرا وا پێشان بدرێت كە ئەم مەفرەزەیە سەر بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی بووە ئەم كۆمەڵە پێشمەرگانە پێوەندییان بە عومەر مستەفا (دەبابە)وە هەبووە كە ئەندامی سەركردایەتی بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان بووە، بزووتنەوەش باڵێكی ناو یەكێتی بوو. دوو كەس لە ئەندامانی ئەو مەفرەزەیە مەلا شیم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی و حاجی شێخ بنزیری لە ئابی ١٩٧٥ چووبوونە بەغدا و پێوەندییان بە عومەر مستەفا كردبوو بۆ دەستپێكردنەوەی شۆڕش.

بە پێی راپۆرتی سیاسی كۆنگرەی ١١ی پارتیش ئەو كۆمەڵە كادیرانەی كە بۆ باشووری عێراق راگوێزرا بوون ئەوانیش رۆڵی گرنگ و سەرەكییان هەبووە لە ناردن و دروستكردنی مەفرەزەكانی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٧٦دا و هەتا هەندێك لە پێشمەرگەكانی یەكەم مەفرەزەش پێوەندی كەسایەتییان هەبووە لەگەڵ ئەوانەدا. بەڵام ئەوەی ئاشكرایە كە پارتی سوسیال دیموكراتی كوردستان پاش ئەم رووداوە واتە لە ٨ی ئابی ١٩٧٦ دامەزراوە، واتە ساڵێك پاش ئەم سەردانەو یەكێتیش (شۆڕشی نوێ)ی خۆی لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ ناودەبات نەك ٢٦ی گوڵان. واتە ئەو مەفرەزەیە، هەر وەكو مسعود بارزانی دەڵێ: «مەفرەزەیەكی پێشمەرگەی پارتی بووەو ئەو رۆژەش بە رۆژی شۆڕشی گوڵان لەلایەن پارتییەوە ناوی لێ نراوە و شۆڕشمان بە ٣٠ پێشمەرگە دەست پێكرد».

شۆڕش بە پاڵپشتی گەلی كورد لە پارچەكانی تر كرا و پشتی بە گەلی كورد و تواناكانی ناوخۆیی بەستبوو. سەرەڕای ئەوەی كە ئەم شۆڕشە وەكو شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشەكانی تری كوردستان بە سەرهەڵدانێكی گەورە و فراوانەوە دەستی پێ نەكردووە، بەڵام لەو هەلومەرجە دەروونی و ناخۆشەی كە كورد تێیدا دەژیا، شكاندنی بێدەنگی بووە بەرانبەر بەو پیلانە گەورەیەی كە هێزە سەرەكییەكانی جیهان و ناوچەكە تێیدا بەشدار بوون و بۆ كورد وەكو تەلیسمێكی لێ هاتبوو كە پێویست بوو بشكێندرێت. كورد لە پارچەكانی تر رۆڵێكی باشی لەسەرهەڵدانەوەی شۆڕش هەبوو لەوانەش ماجید بەگی چەلی و فازڵی شوكری ئاغای ئورەماری و یوسف بێرمانی. مسعود بارزانی دەنووسێت : «بڕیارمان دا كە ئیعتماد لەسەر میللەتی خۆمان بكەین، بۆ تاریخ ئەیڵێم ئەگەر كۆمەكی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ توركیا و گەلی كورد لە كوردستانی سەروو، هەروەها یارمەتی پارتی لە سوریا و لوبنان نەبایە مومكین نەبوو ئیعادەی تەنزیم بكرێتەوە پاش نەكسە».

پاش راوەستاندنی شۆڕش، پارتی دیموكراتی كوردستان ـ توركیا و پارتەكانی تری لایەنگیری پارتی رۆڵێكی بەرچاویان بینی لە ئاسانكاری گەیاندنی سەركردەو پێشمەرگەكانی پارتی و یەكێتی بۆ كوردستان و پێچەوانەی. هەروەها هەمەجۆرە هاوكارییەكیان دەكرد بە دارایی و هاوكاری ماددی تر و تەنانەت لە چالاكی چەكداریشدا بەشدار دەبوون و زۆر جاریش بەشی زۆرینەی مەفرەزەكانی سەرەتای شۆڕش لە چەكدارانی باكووری كوردستان بوو. ئەوانە بەدەیان بنەماڵەی پەنابەریان پەنادابوو و كاری تیماركردنی بریندارەكان و گواستنەوەشیان لە ئەستۆدا بوو. هەروەها یەكەم مەفرەزەی یەكێتیش لە ١ی حوزەیران بە رێنمایی نەجمەدین بویوك كایا (نەجو) گەیەنرایە ناوچەی بادینان.

پاش شكاندنی ئەو بێدەنگییە، لە مانگی حوزەیراندا چەندین چالاكی بەرچاو دژ بە حكومەتی عێراق ئەنجام دران، ئەندامانی سەركردایەتی پارتی گەیشتبوونە ناوچەكانی سەر سنووری زاخۆ لە گوندی بێرمان و لە ١٩ ـ ٢١ حوزەیران چەندین چالاكی گەورە دژ بە حكومەت لە زاخۆ ئەنجام دران. هەر لەو مانگەدا لە ناوچەكانی تری كوردستانیش بەدەیان چالاكی لەشكری دژ بە حكومەت كران ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە ورەی كورد زۆر بەرز ببێت و سەدان كوردی دوورخراوەش لە باشووری عێراق بگەڕێنەوە كوردستان و بەشداری لە شۆڕش بكەن. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چالاكی پێشمەرگە لە كوردستاندا، سەدان جووتیاری خەڵكی گوندەكانی كوردستان كە وێرانكرابوون لەگەڵ ئەو رۆشنبیرانەی كە لە شارەكاندا بوون و دژی سیاسەتی حكومەت بوون، چوونە ناو ریزی شۆڕشەوە.

بزاڤی پێشمەرگە لە هاوینی ١٩٧٦ لە ناوچەكانی رانیە، چوارتا، هەڵەبجە، سەنگەسەر و پشدەریش بەردەوام بوو. حكومەت وای دەزانی كە شۆڕشی كورد تا هەتایە لەناوچووە، ئەحمەد حەسەن ئەلبەكر سێ جار لە سەریەك وتبووی:» تەواو بوو بۆ هەتا هەتایە» بۆیە ئەم بزاڤە فراوانە لە خانەقین تا زاخۆ بۆ حكومەت شتێكی چاوەڕوان نەكراو بوو و پێشمەرگە بە حكومەتی عێراقی وت «كۆتایی نەهاتووە.»

**لە ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦ مەفرەزەیەک لە پێشمەرگە بە چەکەوە چوونە چیاو بەگژ حکومەتدا چوونەوە. مسعود بارزانی دەڵێ ئەو مەفرەزەیەی لە ٢٦ی گوڵان چوونە چیاو شۆڕشیان دەست پێکردەوە، ئەندام و پێشمەرگەی پارتی بوون و راستەوخۆ پێوەندییان بە ئەوەوە هەبوو و لەلایەن ئەوەوە چەک و یارمەتییان بۆ دابین کرابوو**

**رۆژی ٦ی ئاداری ١٩٧٦ رێکخستنەکانی پارتی لە لەندەن خۆپیشاندانێکیان دژ بە سیاسەتی عێراق و ئێران سازدا بوو تا بەم شێوەیە بیسەلمێنن کە رێکخستنەکەیان هەروەک خۆی چالاک ماوەو ورە بدەنە جەماوەر لە ناوەوە**

**پارتی پاش نسکۆش، زۆرترین لایەنگیری هەبوو، ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو کە لە سەرەتای نیسانی ١٩٧٥ـەوە دەستیان کرد بە ئامادەکاری بۆ سەرهەڵدانەوەیەکی تری دژ بە رژێم**

# دەستوور زامنی ئێستاو ئایندەمانە





عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

دەستوور لەئەمرۆدا بۆ هەموو وڵات و هەرێمێك زەمانەتە بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیی سیاسیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی، لەحاڵەتی هەر ناڕازیبوونێکیش لەهەر ماددەیەکی دەستووری، دەتوانرێت لەسەردەمێکی دیکەدا هەموار بکرێتەوە، چونکە دەستووری زۆربەی وڵاتان دەیان جار هەموار کراوەتەوە لەماوەی دوور مەودادا.

بۆیە کە ماددەی (١٢٠)ی دەستووری عێراق دەڵێت: (هەر هەرێمێك مافی هەیە دەستوورێکی تایبەت بەخۆی پەسەند بکات، کەتیایدا پەیکەری دەسەڵاتەکانی هەرێمەکە و، دەسەڵاتەکانیی و میکانیزمەکانیی پەیڕەوکردنی ئەو دەسەڵاتانە دیار دەکات ..)، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە لەمە زیاتر هەرێمی کوردستان لەو مافە دەستوورییەی خۆی بێبەش نەکرێت و، دەبێت خاوەنی دەستووری خۆی بێت، چونکە تەنیا دەستوورە لەخەمی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیانەو، گرێبەستی ئارەزوومەندانەی نێوان هەمووانەو، شتێك لە هەموو شتەکانی هەر لایەنێکی تێدایە، نەك هەموو شتەکانی هەر لایەنێك و، بازنەیەکیشە بۆ کۆکردنەوەی گشت و، خولگەیەکە بۆ جووڵەی ئاسایی و یاسایی هەمووان و، چوارچێوەیەکی هاوبەشە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش و، بازنەیەکیشە بۆ ئینتیما بۆ یەك نیشتمان و، زەمینەی پێکەوە ژیانی لەیەکچووەکان و، پێکەوە هەڵکردنی جیاوازەکانەو، دایکی گشت ئەو یاسا و ڕێسایانەشە، کە دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەودا دەردەچن بۆ دەرخستنی ئەرکەکان و دیارکردنی مافەکانی هەمووان.



**دەتوانرێت دەستوور لەسەردەمێکی دیکەدا هەموار بکرێتەوە، چونکە دەستووری زۆربەی وڵاتان دەیان جار هەموار کراوەتەوە لەماوەی دوورمەودادا**

**دەستوور پێویستیی بەدادگای دەستووریی دەبێت وەک دوا شیکردنەوەیەک بۆ راڤەکردنی دەقەکانی**

هەر دەستووریشە کە یەکڕیزی گەل و خاك و سەروەریی دەپارێزێت، چونکە دەستوور پێویستیی بەدادگای دەستووریی دەبێت وەك دوا شیکردنەوەیەك بۆ راڤەکردنی دەقەکانی و، بەمەش ئاشتیی بەرقەرار دەبێت و، لەژێر چەتری دەستوور و دادگای دەستووریدا هەموو بۆچوونە جیاوازەکان کۆدەبنەوەو خۆیان بۆ یەك ئامانج تەرخان دەکەن.

لێرەوە گرنگیی دەستوور لەژیانی گەلاندا دەردەکەوێت و، هەر لێرەشەوە گرنگیی هەبوونی دادوەرێك دەردەکەوێت بۆ راڤەکردنی دەقەکانی دەستوور وەك دوا ناوبژیوانی نێوان بۆچوون و راڤە جیاوازەکانی هەمان دەق، بۆیە دەبینین وەك نموونە بەپێی ماددەی (٩١) تا ماددەی(٩٧) رەشنووسی دەستووری هەرێم، کەتایبەتە بەدیارکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی دادگای دەستووری لەماددەی (٩٥)و لە(٨)خاڵداو، خاڵی (١)یان دەڵێت:(راڤەکردنی دەقەکانی دەستوور)و، ماددەی (٩٧)یش لەهەمان رەشنووسی دەستووردا دەڵێت: بڕیارەکانی دادگای دەستووری دوا بڕیارن و، دەبێت هەموو دەسەڵاتەکانیش پابەند بن پێیانەوە.

بۆیە ئێمە هەر دەبێت سوود لە ئەزموونی گەلانی دیکە وەربگرین، بۆ ئەوەی بتوانین لەروانگەی دەستوور و دادگای دەستوورییەوە چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزینەوە.

سەبارەت بەئایندە و بەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، یان ناوچە جێناکۆکەکان وەك لەدەستووری عێراقدا هاتووە، ئەوە ئاماژەیەکی گرنگە کە لەماددەی (٢)ی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە:

(یەکەم: کوردستان – عێراق، قەوارەیەکی جوگرافی مێژووییە، پێکدێت لە پارێزگای دهۆك بەسنووری کارگێڕیی ئێستایەوەی و، لەپارێزگاکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و سنجار و تلکێف و قەرەقۆش و ناحیەکانی زمار و بەعشیقەو ئاسکی کەلەك لەپارێزگای نەینەواو، هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلیی لەپارێزگای دیالە. ئەمانەش بەسنووری کارگێڕیی پێش ساڵی (١٩٦٨)یانەوە.

دووەم: سنوورە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق، بەپشت بەستن بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) ی دەستووری فیدرالییەوە دیار دەکرێن ).

ئەمڕۆ ئێمەی کوردستانیان زۆر گرنگە سەبارەت بەکوردستانییەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گوتاری سیاسییمان یەکبخەین و، بەیەك گوتاری نەتەوەییەوە جەخت لەسەر ئەم خاڵانە بکەینەوە بۆ زامنکردنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان لەو ناوچانەدا .

بۆیە پێویستە وەك دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و بزاڤی سیاسی و رێکخراوی ناحکومیی و دەستەبژێری کولتووریی و جڤاکیی، هەموو پێکەوە هەوڵەکانمان لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجە چڕ بکەینەوە.

## عەدنان موفتی

((سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان)) بۆ گوڵان:

# لەدەستووری هەرێمدا سیستمی حکومڕانی پەرلەمانیەو بەپێی یاساش دەبێت راپرسی لەسەر دەستوور بکرێت..







پرسی راپرسی لەسەر پرۆژەی دەستووری کوردستان خەریکە لە چوارچێوە یاساییەکەی دەردەهێنرێت و بەزۆر دەخرێتە ژێر چوارچێوەیەکی سیاسیەوە، ئەمە لەکاتێکدا پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لەپەرلەمانەوە پەسەند کراوەو پاشان رەوانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کراوەو ئەویش ئیمزای کردووەو ناردویەتی بۆ راپرسی، ئیتر لەوە دەرچووە لەڕووی یاساییەوە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڕێز عەدنان موفتی کە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بووە لە خولی دووەم، ئەو خولەی کە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی تێدا پەسەندکراوە و هەرخۆشی وەك سەرۆکی پەرلەمان پرۆژەکەی پێشکەشی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە، لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، لیژنەی داڕشتنی ئەم دەستوورە نوێنەری هەموو لایەنە سیاسیەکان و نەتەوەو ئایینەکانی کوردستانی تێدابووەو هەمووشیان دەنگیان لەسەر داوە، بۆیە لەڕووی یاساییەوە هەموو قۆناخەکانی بڕیوەو پێوەندی بەسەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانەوە نەماوەو دەبێت بخرێتە راپرسیەوە، تەنانەت ئەگەر لایەنە سیاسیەکان سەرنج و تێبینیشیان هەبێت، ئەوا دەبێت ئیجماعی سیاسیی دروست بکەن و لەمەش گرنگتر دەبێت لەدەرەوەی پەرلەمان موناقەشەی پرۆژەکە بکەن، پاشان وەك پاشکۆی پرۆژەکە پێشکەشی پەرلەمان بکرێت بۆ ئەوەی پەرلەمان بیخاتە بەرنامەی کارەوەو ئەگەر دەنگی زۆرینەی زۆری پەرلەمانی بەدەست هێنا دەکرێت پەسەند بکرێت، ئەم قسانەی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بە راشکاوی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەڕووی یاساییەوە دەستوور هیچ گرفتێکی نییەو لەبەر ئەوەی ئیجماعی سیاسیش دروست نەبووە، ئەوا تەنیا راپرسی ئەم مەسەلەیە یەکلایی دەکاتەوە، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی گوڵانە لەگەڵ بەڕێز عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان.

*** خۆشحاڵین بەوەی ئەم دیمانە تایبەتە لەگەڵ بەڕێزتان بسازێنین، وەك سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا دەمانەوێت لەسەر پرسی پرۆژەی دەستوور پرسیارێك ئاڕاستەی بەڕێزت بکەین، دەمانەوێت بپرسین، ئایا میکانیزمەکانی داڕشتنی پرۆژەیەك بەناوی دەستووری هەرێمی کوردستانەوە، چۆن بووە؟**

- سەرەتا دەمەوێت لەو خاڵەوە باسی پرۆژەی دەستوور بکەم، بەوەی بیرکردنەوە لە ئامادەکردنی پرۆژەی هەبوونی دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ پێش هەڵبژاردنەکانی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٢ئەنجام درا، لەو کاتەوە ئەم پرسە لەناو حزبەکاندا وەك بیرۆکە بوونی هەبووە، بەوەی دەبێت هەرێمی کوردستان دەستوورێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام دوای راپەڕین و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کوردستان، پرسی دەستوور بە شێوەیەکی جددیتر هاتە پێشەوەو باسی لێکراو چەندین وتاری لەسەر نووسرایەوەو نیمچە پرۆژەیەکیش پێشکەش کرا، بەڵام لەبەر هۆکاری کێشە ناوخۆییەکان و شەڕی براکوژی ئەو مەسەلەیە دواخرا، پاشان لە ٢٠٠١-٢٠٠٢ دوای ئەوەی پەرلەمان توانی بە کۆی ئەندامانی کۆببێتەوە، ئەم پرسە بۆ جارێکی دیکە زیندوو کرایەوە، پێموایە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ بوو، پاش ئەوەی نوێنەرانی ٣٦ حزب کۆبوونەوە، پرۆژەی دەستوورەکە لەبەردەستیاندابوو، ئەوانیش پرۆژەکەیان تاوتوێ کردو گەڵاڵەیان کردەوە، لە خولی یەکەمی پەرلەماندا پرۆژەیەکیان بەناوی دەستووری هەرێمی کوردستان پێشکەشی پەرلەمان کرد، بەڵام بە هۆی بارودۆخی ئەوکات و شەڕی عێراق و هاوپەیمانان و رووخاندنی رژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣، هەموو ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی پرۆژەی دەستوور هەتا دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ دوابکەوێت، پاش هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥ و لە خولی دووەمی پەرلەماندا دووبارە پرسی داڕشتنی پرۆژەیەکی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان هاتە پێشەوەو قسەی لەسەر کرایەوە، پاشان لیژنەیەکی بۆ دانرا بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە پرۆژەیەك ئامادەبکات، ئەم لیژنەیە پێموایە ١٩ کەس بوون، ئەندامەکانی لەنوێنەرانی پێکهاتەکانی پەرلەمان، واتە لە حزبە سیاسییەکان پێکهاتبوون، ئەمەش واتە نوێنەرانی (یەکێتی، پارتی، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، حزبی

شیوعی، نوێنەری تورکمان، نوێنەری کلدان و ئاشوور، نوێنەری ئێزدی) ئەمە بێجگە لەوەی چەندین کەسی یاساناس و پسپۆر لە یاسادا لەو لیژنەیە بەشدار بوون، هەروەها چوار ئەندامیش لەدەرەوەی پەرلەمان کە شارەزاو پسپۆرن لە یاساو دەستووردا هەڵبژێردران، ئەم لیژنەیە لەنێوخۆیاندا سەرۆکێکیان بۆ ئەو لیژنەیە هەڵبژارد، ئینجا دەستیان بەکارکردن کردو پرۆژەی دەستووری پێشتریشیان لەبەردەستدا بوو، دوای ساڵێك لە تاوتوێکردن و گفتوگۆی بەردەوام، پرۆژەیەکیان گەڵاڵە کرد، ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی سەرەتایی بوو، لە میدیاکاندا قسەو باسی لەسەرکرا، هەروەها داوا لەخەڵکی کوردستان و حزبە سیاسیەکانیش کرا، هەرچی تێبینی و سەرنجیان هەیە لەسەر ئەو پرۆژەیە بیخەنەڕوو و پێشکەشی لیژنەی بەدواداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی بکەن، لەماوەی چوار تا پێنج مانگدا زیاتر لە ٥٠٠٠ نامەو تێبینیان بۆ هەموارکردنەوەی ئەو پرۆژە سەرەتاییەی کە بڵاوکرابۆوە پێ گەیشتبوو، بۆ ئەمەش لیژنەی بەدواچوونی دەستوور کە لە ١٩ ئەندام پێکهاتبوو، بۆ ماوەی چەندین مانگ، لەسەر ئەو سەرنج و تێبینیانە کاریان کردو لەنێو لیژنەکەدا چەندین لیژنەی لاوەکی پێکهێنرا بۆ ئەوەی سەرنج و بۆچوونەکان پۆلین بکەن، بۆ ئەوەی بۆچوونەکان پوخت بکرێنەوەو لەدەستووردا جێیان بکرێتەوە، بۆ ئەمەش لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوون و تێبینیانە گۆڕانکارییەکی زۆریان لە پرۆژەی دەستوورەکەدا کرد، دواتریش پێش کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان پرۆژەی دەستوورەکەیان حازر کردەوە، ئەوەی مابۆوە چەند خاڵێك بوو کە پێوەندی بە هەڵوێستی سیاسیەوە هەبوو، کە دەبوو راوێژ لەنێوان پارتی و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو بکرێت، بۆ گەیشتن بە شێوازێك کە پێوەندی بە سیستمی سیاسیەوە هەبوو، ئەمەش ئەنجامدرا، بێگومان لەم حاڵەتەشدا چەند کەسێك هەبوون کە بە پرۆژەکە رازی نەبوون، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرینەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان ئەوکات پێی رازی بوون، ئەوەبوو لە دانیشتنێکدا خرایە دەنگدان، ئەمەش لەبەر رۆشنایی ئەو یاسایەی کە پێشتر لەپەرلەمان بۆ ئەو پرۆژەیە دەرچوو بوو، ئەم یاسایە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە واژۆکرابوو، بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆژەی دەستوورەکە، ئەمەش واتە قۆناخەکانی دەنگدان لەسەر دەستوور لە پەرلەمان و پاشان ناردنی بۆ سەرۆکی هەرێم و ئینجا ناردنی بۆ راپرسیکردن لەسەری، لەم پرۆسەیەدا رۆژێك تەرخان کرا بۆ ئەوەی پرۆژەی دەستوورەکە بخرێتە دەنگدانەوە، لەو رۆژەشدا کە پرۆژەی دەستوور خرایە دەنگدانەوە پێنج تا شەش ئەندام پەرلەمان نەهاتنە کۆبوونەوەکەوە، ئەوەش لەبەر هۆکاری سیاسی نەهاتنە ناو هۆڵی پەرلەمان، چوار پێنج ئەندام پەرلەمانیش لە دەرەوەی وڵات بوون، بۆیە تەنیا ٩٧ ئەندام پەرلەمانتار ئامادەبوون و ٩٦ پەرلەمانتار دەنگیان بە پرۆژەکە دا، تەنیا یەك ئەندام پەرلەمان نەبێت، دەنگی بۆ نەدا، کاتێ پرۆژەکە دەنگی لەسەر درا، دواتر نێردرایە لای سەرۆکی هەرێم، ئەویش واژۆی لەسەرکردو ناردییەوە تا ریفراندۆمی لەسەر بکرێت.

*** بەڕێزت لێرەدا ئاماژەت بەوەکرد کە لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووردا نوێنەری سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی تێدابووە، ئاشکرایە لایەنە سیاسییەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، ئایا بە رای بەڕێزتان تا چەند ئەم بۆچوونە جیاوازانە لەلایەن شارەزاو پسپۆرانی یاساناسیەوە لە دەستووردا داڕێژراونەتەوە؟**

- بەڵی بێگومان بیروبۆچوونی جیاواز بوونی هەبووە، هەر لە ئیسلامیەوە تا شیوعی، هەر لە تورکمانەوە تا ئێزدی و کلدو ئاشوور، لەم دەستوورەدا رەچاوی مافی هەموو ئەوانە و مافی هەموو تاکەکانی کوردستان کراوە، ئەگەر سەیری دەروازەی یەکەمی دەستوورەکە بکەین، بریتییە لە بنەما سەرەکیەکان کە ئەمانە هەموویان دەسکەوتی گەورەن و بۆ هاووڵاتی گرنگن، هەروەها ماددەی یەکەمی ئەو دەستوورە دەڵێت(کوردستان —عێراق، هەرێمێکە لەناو دەوڵەتی عیراقی فیدراڵدا، سیستمە سیاسیەکەی پەرلەمانی کۆماری دیموکراتیە، پشت بە فرەلایەنی سیاسی و بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات بە رێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆ و نهێنی ئەنجامدەدات). ئەمە ماددەی یەکەمە لە دەستوور و زۆر گرنگیشە بۆ ئایندەی هەرێم.

*** تۆ ئێستا ماددەی یەکەمی دەستووری هەرێمی کوردستانت خوێندەوەو تیایدا راشکاوانە هاتووە کە سیستمی حکومڕانی لە کوردستان پەرلەمانیە، بەڵام زۆرجار لە هەندێ میدیا و لێدوانی هەندێك بەرپرسی سیاسییدا گوێمان لەوە دەبێت بەوەی سیستمی حکومڕانی بەپێی ئەو دەستوورە پەرلەمانی نییە،**

**ئەو دەسەڵاتانەی لەدەستووردا بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دانراون، رەبتکراون بە رەزامەندی پەرلەمانەوە**

**سەرۆکی هەرێم ئێستا دەتوانێ هێزی پێشمەرگە بجووڵێنێت لەبەر ئەوەی دەستوورمان نییە، ئەگەر دەستوورمان هەبێت ئەو دەسەڵاتە پەیوەستە بە رەزامەندی پەرلەمانەوە**

**دادگای فیدراڵی ڕەتیکردۆتەوە پەرلەمانی کوردستان لەو کاتە ماوەی بەسەرچووبێت، پەرلەمان بەشەرعی ماوەی درێژکراوەتەوەو ئەو شەرعیەتەش ڕێگەی پێدەدات هەموو بڕیار و یاسایەک دەربکات**

**ئەگەر لە ٢٠٠٩ ڕاپرسیمان لەسەر دەستوور بکردایەو سەرکەوتوو بوینایە، ڕەنگ بوو ئێستا هەموو ئەو شتانەی کە داوادەکرێت بۆ هەموارکردنی ئاسایی بوایە**

**بەڕێزت وەك سەرۆکی پێشووی پەرلەمان لەسەر ئەم مەسەلەیە چی دەڵێیت؟**

- نەخێر، سیستمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان پەرلەمانیە، بەڵام هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوەیەو بە ڕاستەوخۆیی نەك لەلایەن پەرلەمانەوە، بۆیە ئەم خاڵە لەلایەن هەندێك کەسەوە بەو جۆرە تەفسیری بۆ دەکرێت، لەبەر ئەوەی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، بۆیە پێیانوایە سیستمەکە سەرۆکایەتیەو پەرلەمانی نییە، من پێموایە ئەو تەفسیرە ناکۆکە لەگەڵ ئەو ماددانەی کە لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا هەن، ئەمەش نەك هەر لەگەڵ ماددەی یەکەم کە زۆر بەڕاشکاوی ئاماژەی بەوەکردووە کە سیستمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان پەرلەمانی و کۆماری و دیموکراتیە، ئەمەش بناغەیە، هەروەها ئەوە شتێکی دیکەیە کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم زۆر دیارن، بەڵام ئەگەر سەیری دەستوور بکەین دەبینین ئەو دەسەڵاتانەی سەرۆك گرێدراوە بە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانەوە، وەك ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، وەك جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم، بۆیە گەر وردبینەوە، دەبینین ئەگەر دەستوورمان هەبێت سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتەکانی سنووردار دەبێت، ئێستا کە دەستوورمان نییە سەرۆکی هەرێم دەتوانێ هێزی پێشمەرگە بنێرێتە دەرەوەی هەرێم، ئەگەر دەستوورمان هەبوو ناتوانێت، لەبەر ئەوەی ئێستا پەرلەمان ناتوانێت بەپێی دەستوور ڕێگەی لێبگرێت، لەبەر ئەوەی دەستوورمان نییە، بۆیە کە دەستوورمان هەبوو سەرۆك نە دەتوانێت بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان هێز بجوڵێنێت، نە دەشتوانێت ڕێگە بدات هێزی فیدراڵی بێتە هەرێمەوە، نە دەتوانێت باری نائاسایی ڕابگەیەنێت، تەنانەت ناشتوانێت پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە، بەڵکو حاڵەتێکی تایبەتیە ئەگەر سەرۆکی هەرێمیش نەبێت، پێویستە یەکێك بڕیاری هەر لێ بدات، بۆیە ئەگەر بە ماددە سەیری بکەین دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم زۆرن، بەڵام دەکرێت هەر پێنج شەش ماددە لە یەك ماددە چڕبکرێتەوە، من هەموو دەسەڵاتەکانم لەبەر چاوە، یەك دوو ماددە نەبێت ئەوانی دیکە هەمووی ڕەزامەندی پەرلەمانی دەوێت، تەنیا لە داڕشتنەکەدایە وای نیشان دەدات سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی زۆرە..

*** بەپێی یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان، پێویست بوو لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ ڕاپرسی لەسەر دەستوور ئەنجامبدرێت، ئایا بۆچی ئەم ڕاپرسیە ئەنجام نەدراوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە زۆر کەس دەیکات، کاتێك پرۆژەی دەستوور لە پەرلەمان پەسەند کرا، ئێمە داوامان لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کرد، کە هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم، دەستووریش بخرێتە ڕاپرسیەوە، بەڵام سەبارەت بەم بەروارە ئیعتیرازێکمان لەڕێگەی میدیاکانەوە هاتە پێش، ئەویش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بوو، کاتێك لە ڕێگەی میدیاکانەوە باس لەوە دەکرا ئەو دەستوورە هەندێك بڕگەی تێدایە دژی دەستووری عێراقە، بە تایبەتی کە لەماددەیەکدا پرۆژەی دەستوور باسی سنووری کوردستان دەکات، بەدوو جۆر باسی دەکات، یەکەمیان سنووری کوردستان ناوچە دابڕێنراوەکانیشی تێدایە، دووەمیشیان دیاری کردنی سنووری گرێداوەتەوە بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقەوە، ئەوان لە میدیاکان ئاماژەیان بەوەکردبوو کە ئەوە لەگەڵ دەستووری عێراق ناکۆکەو یەکناگرێتەوە، ئەمەش تەنیا لە میدیاکاندا، ئەگینا بە فەرمی هیچمان بۆ نەهاتووە، هەروەها پێموابێت هەندێك گوشاری ئەمریکاش هەبوو، بەوەی ئەمریکا مەبەستی بوو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بێ کێشە بڕوات، ئەمانە هیچی گرنگ نەبوون، بەڵام کۆمسیۆنی باڵا بە فەرمی ئاگاداریان کردینەوە کە ماوەکە زۆر کەمە کە مانگێك و پێنج شەش ڕۆژ بوو، بۆیە وتیان ناتوانین ئەو ڕاپرسییە لەو کاتە ئەنجام بدەین، بۆیە کە ئەوان وایان پێ وتین و میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاپرسیەکەش خرابووە سەرشانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بۆیە پەرلەمان کۆبۆوە بۆ ئەوەی ڕاپرسی لەسەر دەستوور دوابخرێت، و دواتر ڕۆژێکی گونجاوی بۆ دیاری بکرێت بە هەماهەنگی لەنێوان پەرلەمان و حکومەت و لایەنە پێوەندیدارەکان.

*** لە پرۆسەی دەنگدان لەسەر پرۆژەی دەستوور چەند پەرلەمانتار دەنگیان بەو دەستوورە نەداوە، ئایا هۆکاری دەنگ نەدانەکەیان چی بوو؟**

- لەو دانیشتنەی کە بۆ دەنگدان لەسەر دەستوور کرا، چەند ئەندام پەرلەمانێك بایکۆتی دەنگدانەکەیان کردو نەهاتنە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە، ئەوکات تازە بزووتنەوەی گۆڕان لەیەکێتی جیابووەوە، بۆیە

هەڵوێستێكی سیاسییان هەبوو لە خولی پەرلەمان، پێیان وابوو پەرلەمان وادەی بەسەرچووەو نابێت دەنگ لەسەر دەستوور بدات، بەڵام ئێمە بەپێی یاسا وادەكەمان درێژكردبووەوە پاشانیش دادگای فیدراڵی ئەوەی یەكلایی كردەوە، چەند ئەندامێكیش سەفەریان كردبوو لە دەرەوەی وڵات بوون، بۆیە ٩٧ ئەندام پەرلەمانتار ئامادەی دانیشتنەكە بوون، لەم ٩٧ كەسە تەنیا د.نوری تاڵەبانی دەنگی بۆ دەستوورەكە نەدا، ئەویش خۆی ئەندام بوو لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، بەڵام هەر لە رۆژی یەكەمەوە خیلافی هەبوو، بۆیە نەچووە سەرۆكایەتی، ئایا سەرۆكی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت یان راستەوخۆ لەلایەن خەڵكەوە، ئەم خیلافانە ئاساییین من خۆم لە موناقەشاتی ئەو كاتی پەرلەماندا لەگەڵ ئەوەبووم سەرۆكی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت نەك راستەوخۆ لەلایەن خەڵكەوە، مانای ئەوە نییە كە زۆرینەی ئەندامانی یەكێتی وتیان لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێت، ئیتر وا بێت لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێت، دوای ئەمەش با ئەوەمان لەبیر نەچێت، مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم لەلایەن خەڵكەوە پێشی پرۆسەی

**كاتێک یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە ٢٠٠٥ دیاری کردووە سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، هێشتا لیژنەی بەدواداچوونەوەی دەستوور پێکنەهاتبوو**



**دوای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە لایەن پەرلەمانەوە بەرێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان وێنەیەک لە پرۆژەی دەستورەکە پێشکەشی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات**

وێنە ویبسایتی عەدنان موفتی ساڵی ٢٠٠٩

كۆبوونەوەكانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، بۆیە هۆكاری دەنگنەدانەكەی لەبەر ئەوە بوو، ئەو خۆی پرۆژەیەكی دەستووری خۆی هەبوو، هەر لەسەرەتاوە باسی كردبوو، بەوەی پرۆژەیەكی حازری هەیە، بەڵام لەگەڵ لیژنەی نووسینەوەی دەستوور نەگەیشتنە رێككەوتن، لەسەر ئەمە دەنگی بۆ نەدا، ئەگەر ئەوانی دیكە بە حزبە ئیسلامیەكان و نوێنەرانی توركمان و كریستیان و ئیزدی دەنگیان بۆ دا، لەبەر ئەوەی زۆر بە تەفسیل رەچاوی مافی هەموو لایەنەكانی كردووە، هیچ خیلافێكی لەسەر نییە، خیلافەكە لەسەر ئەوەیە سیستەمی حكومڕانی پەرلەمانیە یان دەستوورە، ئێمە یاسایەكمان هەیە بەناوی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم، كە لەساڵی ٢٠٠٥ دەرچووەو هێشتا لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور پێكنەهاتبوو، لەو یاسایەدا هاتووە سەرۆكی هەرێم لەلایەن خەڵكەوە هەڵدەبژێردرێت بەڵام بە ئیستیسنا تەنیا ئەم خولە لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، ئەمەش مانای وایە زۆرینەی پارتی و زۆرینەی یەكێتی رەزامەند بوون لەسەر ئەوەی سەرۆكی هەرێم لەلایەن خەڵكەوە راستەوخۆ هەڵبژێردرێت، بۆیە ناتوانرێت لەسەر هەموو شتێك كۆدەنگ دروست نابێت، ئەو یاسایەشی كە ساڵی ٢٠٠٥ پەسەندكراوە چەندین جاریش هەموار

**لەبەر ئەوەی دەستوور مافی هەموو لایەکی رەچاو کردووە، بۆیە لە ئیسلامیەکانەوە تا شیوعیەکان و بەتورکمان و کلدو ئاشووری و ئێزدییەوە لەناو پەرلەمان دەنگیان بۆداوە**

**دەستوور لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی خەڵک هەموار دەكرێت، نەک لەبەر ئەوەی خیلافمان لەسەر بڕگەیەک یان یاسایەک هەیە**

**من خۆم پشتگیری ئەو بۆچوونە بووم سەرۆک لە پەرلەمانەوە هەڵبژێرن، بەڵام زۆرینەی یەكێتی پێیان باش بوو، سەرۆكی هەرێم لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێت، بۆیە منیش رازی بووم**

کراوەو پوختەکەی خراوتە ناو پرۆژەی دەستوورەوە.

*** هەر لەم چوارچێوەیەدا بێگومان بیانوویەكی دیكەش هەیە بەوەی گوایە ئەو كاتەی ئەو دەستوورە پەسەندكراوە، پەرلەمان ماوەی بەسەر چووە، ئەمەش جۆرە تانەیەكە لە پەرلەمانی دەدەن، بەوەی پەرلەمان ئەو دەسەڵاتەی نەبووە ئەو كارە بكات، بەڕێزت كە ئەوكات سەرۆكی پەرلەمان بوویت، هەستت بەوەكردبوو كە ماوەی پەرلەمان بەسەرچووەو نابێت كاری وابكرێت؟**

- بەتەئكید نەخێر وا نەبووە، لەبەر ئەوەی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و هەروەها لەهەموو پەرلەمانەكانی جیهانیشدا، بڕگەیەك هەیە دەڵێت(ئەگەر پرۆژەی بودجەی وڵات لە موناقەشەدا بوو یان تەواو نەببوو، پەرلەمان نابێت پەكی بكەوێت، واتە هەتا ئەگەر خولەكەش تەواو ببوو، ناكرێت بڵێین لەبەر ئەوەی پەرلەمان خولەكەی تەواو بووە، دەبێت موناقەشەی بودجە هەڵبگیرێت بۆ پەرلەمانی داهاتوو، بۆیە لە ٢٠٠٩/٦/٤ بودجەی هەرێمی كوردستان لەناو پەرلەمان لەموناقەشەدا بووە، لەبەر ئەوە ماوەی پەرلەمان درێژكرایەوە، ئەوجا بێجگە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و بێجگە لە یاسا، شتێك هەیە پێی دەوترێت عورف، ئەمەش واتە ئەزموون، رابردوو، واتە لە رابردوو چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە كراوە، لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ كوردستان بە بارودۆخێكی ئاڵۆز تێپەڕی، بۆیە سێ جار ماوەی پەرلەمان درێژكراوەتەوە، تەنانەت لە ساڵانی نەوەدەكان شەڕی ناوخۆش هەبوو، خێوەتێكیان لەنێوان مەسیف و هەولێر هەڵداو ژمارەی پێویستی ئەندامان ئامادەكراو پەرلەمان درێژكرایەوە، دوای چەند مانگێگ جارێكی دیكەش درێژكرایەوە بۆ ئەوەی شەرعیەتی پەرلەمان بمێنێت، هەروەها جارێكی دیكەش پێموایە كۆتایی ٢٠٠١ بوو جارێكی دیكە لەبەر پێویستی ماوەی پەرلەمان درێژكراوەتەوە، كەواتە ئێمە هەم عورفمان هەیە، هەم بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش مەسەلەی موناقەشەی بودجە هەبووە، بۆیە كە ماوەی پەرلەمان درێژكرایەوە خۆ تەنیا بۆ یەك پرس درێژناكرێتەوە، ئامانجیش لەو درێژكردنەوەیەی ماوەی پەرلەمانیش ئەوە نەبووە پەرلەمان دەنگ لەسەر دەستوور بدات، بەڵام هاوكات موناقەشەی بودجە هەبوو، پرۆژەی دەستووریش كارەكانی تەواو ببوو، بۆیە نەدەكرا ئەم مەسەلەیە هەڵبگیرێت بۆ پەرلەمانی داهاتوو، لەسەر ئەم پرسە هەندێك تانەیان لێداو لە دادگای فیدرالی شكاتیان كرد، بەڵام دادگای فیدرالی وەڵامی دایەوە، لەبەر ئەوەی موناقەشەی بودجە لە ئارادابووە درێژكردنەوەكە شەرعیە و كە شەرعیەتیشی وەرگرت دەتوانێت هەموو بڕیارێك دەربكات.

*** هەندێك لە پسپۆڕانی یاسای دەستووریی دەڵێن، بەپێی پرانسیپی معیاری پرۆژەی دەستوور وەك یاسایە، كاتێكیش پەرلەمان یاسا دەردەكات دەبێ جێبەجێ بكرێت، بەڵام جێبەجێكردنی دەستوور وەك لە یاسای پەسەندكردنی دەستووردا هاتووە بەندە بە ئەنجامدانی راپرسی لەسەری، ئایا چەند گرنگە راپرسی لەسەر دەستوور ئەنجامبدرێت، لەبەر ئەوەی یاسا كە لەپەرلەمان دەرچوو ناكرێت جارێكی دیكە بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان؟**

- راستە، بەڵام ئیشكالیەتێك هەیە، راستە لەرووی یاساییەوە، پرۆژەی دەستوور وەك یاسا لە پەرلەمان دەرچووە و رەوانەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كراوەو ئەویش ئیمزای كردووەو رەوانەی راپرسی كردووە، بۆیە مەسەلەكە لەرووی یاساییەوە لای سەرۆكی هەرێمیش نەماوە، ناردویەتی بۆ راپرسی، كەواتە لەڕووی یاساییەوە دەبێت میللەت بڕیاری لەسەر بدات و ناكرێت بگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر كۆدەنگی هەبێت بۆ گەڕانەوەی دەستوور، ئەوا لەوانەیە رێگەیەك بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەو كۆدەنگی و سازانە ئێستا نییە، ئەوا موفیسرینی یاسا دەڵێن لەبەر ئەوەی كۆدەنگی نییە و دەستوورەكەش نێردراوە بۆ راپرسی ئەوە تەنیا خەڵكە دەتوانێت بڕیاری لەسەر بدات پەسەندی دەكات یان رەتیدەكاتەوە، بەڵام دوای چوارساڵ بەسەر نووسینەوەی دەستوور ئەگەر كۆدەنگیەك هەبێت بەڵام لەدەرەوەی پەرلەمان، تەماشا بكرێتەوە بۆ ئەوەی بزانرێت كەموكورتیەكان چین، بۆیە ئەگەر لایەنە سیاسیەكان لەدەرەوەی پەرلەمان رێككەوتن لەسەر ئەو كەموكورتیانەی لەسەر دەستوور هەیە، لەمەدا دەكرێت بە پرۆژەیەك پێشكەشی پەرلەمان بكرێتەوە، وەك پاشكۆی پرۆژەكە ئەوكات كەدەنگ بۆ پرۆژەكە درا وەك ئەوەیە دەنگ بۆ هەمواركردنەكەش درابێت، هەمواركردنی دەستووریش لە دنیادا شتێكی ئاساییە، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئێمە لە ٢٠٠٩ راپرسیمان لەسەر دەستوورەكە بكردایە، سەركەوتوو بوینایە، رەنگ بوو ئێستا هەموو ئەو


شـــتانەی کە داوادەکرێت بۆ هەموارکردنی ئاسایی بوایە، هیـــچ وڵاتێك نییە دەســـتوورەکەی چەندین جار هەموارنەکرابێتەوە، بۆیـــە ئەگەر زانیمان خەڵك پێویستی پێیەتی، لەمەشدا دەبێت باری گشتی خەڵك وەربگرین، نەك خیلاف لەســـەر ماددەیەکی یاسایی یان فلان برگە، ئێستا خەڵکەکە وای لێهاتووە بەبێ ئەوەی دەســـتوورەکە بخوێننەوە، بەشێك دەڵێت خراپە، لەکاتێکدا دەستوورەکەشی نەخوێندۆتەوە، بۆیە دەبێت ئەو حاڵەتە ڕەچاو بکرێـــت، لەبەر ئەوەی ڕایەکی وا دروســـت بووە، من زۆرجار دەڵێم لەگەڵ ئەوەی یەك ملیۆن نوسخەمان لەو دەستوورە چاپ کردووەو لەگەڵ پسولەی خۆراك دابەشمانکردووە، بەڵام من تەئکیدم بەشێکی زۆری خەڵك ئەو دەستوورەی نەخوێندۆتەوەو کەچی ڕاو بۆچوونی لەسەری هەیە، ئەمە حاڵەتێکە دەبێـــت بەهەندی وەربگرین، بۆیە ئێســـتاش دەکرێت لـــەدەرەوەی پەرلەمان موناقەشـــە بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت خاڵی ناکۆکی لەســـەر ئەم دەستوورە چییە، ئەگەر دەکرێت لـــە دەرەوەی پەرلەمان لەســـەر ئەو ماددانە تەوافوق بکەین، ئەگـــەر تەوافوق نەکرێت، ئەوا ڕاپرســـی یەکلایی دەکاتەوە چ بە پۆزەتیف یان نێگەتیف، بە بەڵێ یان نەخێر..

*** دوایین پرســـیارمان دەبەینە دەرەوەی دەستوورو دێینە ســـەر ڕێککەوتنی ســـتراتیژی نێوان پارتی و یەکێتـــی، ئـــەم ڕێککەوتنە بووە هـــۆکاری ئەوەی جۆرێك لە ســـەقامگیری و هاوسەنگی حکومڕانی لە کوردســـتان بێتە ئاراوە، ئایا بـــە ڕای جەنابت بۆ ئێســـتا ڕێککەوتنی ستراتیژی چەند گرنگە بۆ ئەم قۆناغە؟**


- ڕێککەوتنی ســـتراتیژی لە ســـاڵی ٢٠٠٥ـەوە ئیمزا کراوە، ئەم ڕێککەوتنە بۆ چەند ئامانجێك بووە، یەکێك لەوانە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری شەڕی ناوخۆ بووە، هەروەهـــا بۆ یەکگرتنەوەی هـــەردوو ئیدارەکە بووە، بۆ مامەڵەکـــردن بووە لەگەڵ عێراقی تازە، کە پاش ڕووخانی ڕژێم کەوتینە قۆناخی نووســـینەوەی دەســـتووری عێـــراق، دەبوو کۆدەنگیمـــان هەبێت بۆ ئەوەی مافەکانمان لەدەستووردا بچەسپێنین، ئەگەر بە واقیعی سەیری بکەین ئەو ڕێککەوتنە تارادەیەکی باش هاوکارمان بووە بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان بۆ یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە هەتا ئێســـتاش بەتەواوەتی یەکـــی نەگرتۆتەوە، ئەم ڕێککەوتنە هاوکارمان بووە بۆ ئەوەی مام جەلال ببێتە سەرۆك کۆماری عێراق و کاك مسعود ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان، بەڵام ئەم ڕێککەوتننامەیە بەو مانایە تا هەتا هەتایە هەر وەك خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ژیان و دیموکراتی پێویستی بە شتی تازەیە، هەر بۆیە ئەگەر بارودۆخەکە ئاســـایی بێتەوە و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیمان هەبێت، پێویســـتمان بەو ڕێککەوتنە نییە، بـــەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە هەتا ئێســـتاش ســـێبەری ئاسەواری شەڕی ناوخۆ بەسەرمانەوەیەو بەتەواوەتی برینەکان سارێژ نەبوون، بۆیە هەردەبێت ئەو ڕێککەوتنە بەردەوام بێت، بەڵام دەبێت هەموار بکرێت و دەوڵەمەند بکرێت بە ئەزموونی ڕابردوومـــان، بۆ ئەوەی بزانین لە کـــوێ کەموکورتی هەیە، یان لەکـــوێ دەتوانین جۆرێکی دیکە مامەڵـــە بکەین، هەر بۆنموونە لەبەر ئـــەوەی بارودۆخەکـــە تاڕادەیەك ئاســـایی بۆتەوە، ســـەیردەکەین یەکێتی بڕیاریداوە بە لیستی سەربەخۆ دابەزێت، کە ئەمە خیلافی ڕێککەوتنی ستراتیژییە، بـــەڵام ئاســـاییە لەبەر ئـــەوەی ڕۆژگار خۆی فەرز کردووە بەم شکڵە، پارتیش پێی باش بوو، ئێمەش پێمان بـــاش بوو، هەروەها خەڵکانێك هـــەن پێیانوایە ئەگەر ئێمە بە لیســـتی سەربەخۆ دانەبەزین مانای وایە ئەو ڕێککەوتنە پێشـــێلکردنی دیموکراتیە، بەڵام ئێستاش هەندێـــك مەســـەلە هەیە لەگەڵ بەغـــدا کۆدەنگی دەوێت، ئەمەش نەك هەر تەنیـــا کۆدەنگی پارتی و یەکێتی بەڵکو کۆدەنگی هەموو لایەنە سیاسیەکانی دەوێت و دەبێت هەمـــوو پێکەوە بە کۆدەنگی مامەڵە لەگەڵ پێشـــهاتەکانی سیاســـەت لە بەغدا بکەین، هەروەها ســـەبارەت بەمامەڵەکردن لەگەڵ دراوسێکان بە تایبەتی پرسی سوریا، بەڵام ئەوەی گرنگە هەموو کەس بیزانێت ئەوەیە ئەم ڕێککەوتنە دژی هیچ لایەك نییـــە، بۆیە دەبێت هاوکاری هەبێـــت، من وەك ڕای خـــۆم پێموایە دەبێت دوای هەڵبـــژاردن حکومەتێکی ئیئتلافـــی پێکبێت و هەموو لایەنەکان بەشـــدار بن، بەرنامـــەی ئەو حکومەتە چاکســـازی بێت لەهەموو بوارەکاندا، چاندنی ڕۆحی خۆشەویســـتی بێت لەبری ڕق و کینە، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە بژین و خزمەتی هاووڵاتیانی خۆمان بکەین. هەروەها بۆچوونەکان بەو ئاراســـتەیەن کە ئایندەی کوردستان بەرەو قۆناخێکی دیکە هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەو ئایندە ڕووناکەش بەبێ یەکریزی و بەرنامەیەکی سیاسی هاوبەش نایەتەدی و ئەگـــەر هەموومان پێکەوە ئەم هەنگاوە هەڵنەگرین لەوانەیە لەدواییدا پەشیمان بینەوە.

**ئەگەر ئیجماعی سیاسیی هەبێت دەکرێت ڕێگە چارەیەک بدۆزرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیجماع نییە، ئەوا ڕاپرسی ئەم مەسەلەی دەستوورە یەکلایی دەکاتەوە**

**ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی گرنگەو پێویستە بەردەوام بێت، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە پێویستی بە گۆڕانکاری و هەمووارکردنەوە هەیە**



# داخراو یان نیمچە کراوە



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بە بڕیاری سەرۆك بارزانی، قەولە رۆژی ٢١ی ئەیلوول، هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانیی لە هەرێمدا بکرێ. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق قۆناخی یەکەم (٢٠١٣/٥/٢٤ - ٢٠١٣/٦/٤) دەستپێکردووە: واتە تۆمارکردنی ناوی لیستەکان. کۆمیسیۆن پێشتر رایگەیاند کە هەڵبژاردنەکە، بە گوێرەی قانوونی ئارا، بە لیستی داخراو دەکرێ، چونکە کۆمیسیۆن قانوون جێبەجێ دەکا و هەڵبژاردنەکە بەڕێوەدەبات. هەڵبەت لایەنی قانوون دانەریش، پەرلەمانی کوردستانە. لێ هێشتا لەمن دیار نییە داخوا هەڵبژاردن بە لیستی داخراو دەبێ یان نیمچە کراوە؟

هەندەی من ئاگام لێ بێ، هیچ لایەنێك نییە دژی لیستی نیمچە کراوە نییەو هەمووان بە شان و باڵی هەڵدەڵێن. لێ بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بە لیستی نیمچە کراوە بکرێ، دەبێ بەلانی کەمەوە (١٠) پەرلەمەنتار پرۆژەیەکی هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ پێشکەش بکەن. ئەوجا سەرۆکایەتیی پەرلەمان بیخاتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ و ئاراستەی لیژنەی یاسایی و یەکە- یەکەی پەرلەمەنتاران بکرێ و راپۆرت ئامادە بکرێ، هەڵبەت دەبێ لەم نێوەندەشدا راو بۆچوونی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش وەربگیرێ.

هەڵبەت دەکرێ، فراکسیۆنەکان لەنێوەخۆیاندا و لەگەڵ یەکدیدا لەسەر وردەکارییەکانی پرۆژەی ناوبراو بسازێن... پرسیار ئەوەیە، ئەگەر هەڵبژاردن بووە لیستی نیمچە کراوە، کوردستان دەبتە چەند بازنە، یان هەر بە یەك بازنە دەمێنێتەوە؟ ئەگەر کوردستان یەك بازنە بێ، رەنگە گرفت



کەمتر بێتەوە، بەڵام ئەگەر سێ بازنە یان زیاتر بێ، گرفت دێتە پێشـــێ: هەر بازنەی چەند ئەندامی پەرلەمانی بەردەکەوێ؟ نابێ هەر لیســـتە، ژمارەی کاندیدەکانی لـــە چەند کەمتر و لە چەند زۆرتر نەبێ؟ کورســـی بەتـــاڵ چۆن دابەش دەکرێ، دەدرێ بە ((الباقی الاقوی))ی لیستە براوەکان، یان((الباقی الاقوی))ی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن، یان ڕێگەیەکی تری بەشـــینەوە دادەهێندرێ؟ بۆ کۆتای مەسیحی و تورکمان کە خۆیان بە ژمارە کەمن، چۆن دەبێ، هی وان سەرانســـەری دەبێ، یان چەند بازنە؟ دابەشـــکردنەکەی ئەوان چۆن دەبێ؟ تاکە کەس بۆی هەیە، بەتەنیا خۆی بپاڵێوێ یان نا؟

لەســـەر بنەمای ئەو پرسیارانەو هی تریش، چەندین ماددەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی **١٩٩٢**ی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردســـتان پێویســـتیان بە هەموارکردنەوە هەیە، ســـەرباری هەموارکردنەوەی ماددەکانی ١ و ٨ و ٢٠.

هەڵبەت، لیســـتی هەڵبژاردن، کراوە بێ یان داخراو یان نیمچە کراوە، هەر یەکەیان لایەنی پۆزەتیف و لایەنی نیگەتیڤیشـــی هەس. بەڵام وەك دەزانرێ لیستی نیمچە کراوە هەم بەرژەوەندیی خاوەنی لیســـت (جـــا حزب بێ یـــان نا) دەپارێـــزێ و هەم بەرژەوەندیی دەنگدەر (هاووڵاتی)، واتە هەردوو بەرژەوەندییەکە بەیەکەوە کۆدەکاتەوەو دەســـازێنێ. کەواتە لە لیســـتی نیمچە کراوەدا، یەکەم، دەنگدەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە سەرلەنوێ ڕیزکردنـــەوەی کاندیدەکانـــی هەر لیســـتێ بـــە گوێرەی ئەو دەنگانەی هێناویانە. دووەم، پرۆسەی هەڵبژاردن گەرموگوڕتر دەبێ و بێباکی سیاسی کەمدەکاتەوە، چونکە کێبەرکێ بەتەنیا لەنێـــوان لیســـتەکاندا نامێنێتەوە، بەڵکـــە کێبەرکێ دەکەوێتە نێوان کاندیدەکانی ناو لیســـتێکی دیاریکراویشەوە، ئەمەش وا دەکات ڕێژەی بەشـــداربوون لە هەڵبژاردنەکاندا بچێتە سەرەوە و پەرلەمانێك بێتەکایەوە کە نوێنەری زۆرینەی خەڵك بێت. ســـێیەم، ئەو کاندیدە ســـەرکەوتووەی دەبێتە پەرلەمەنتار، بمانەوێ و نەمانەوێ، وێـــڕای ئیلتیزاماتە حزبییەکەی، دەســـتکراوەتر و ئازادانەتر دەبـــێ لە وتوویژ و ڕادەربڕین و دەنگداندا. هەڵبەت لیســـتی نیمچە کراوە، بە بڕوای من، لایەنی نیگەتیڤیشی هەیە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ، ئینتیمائاتی ناوچەیی، خێڵەکی و ئەسڵ و فەسڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی و دینی کاریگەرییان لەســـەر ئاراستەکردنی ڕای دەنگدەران دەبێ لەسەر حیسابی خەڵکی ئاکادیمی و لێزان کە ئەو پشت و پەنایانەیان نییە...

هەرێمی کوردســـتان، یەك بازنـــە بێ یان چەند بازنە؟ بۆ کورد یەك بازنەیی باشـــە، بۆ؟ یەکەم بـــۆ دوورکەوتنەوە لە ناوچەگەرێتـــی، چونکە لەوانەیە کاندیدێکی بە تواناو ناسراوی دەڤەری دهۆك، دەنگدەری هەولێر و گەرمیان و سلێمانی دەنگی بۆ بدەن، بە پێچەوانەشەوە. ئەگەر چەند بازنە بە ناچاری دەبێ هەر پشـــت بە دەنگی ناوچەکەی خۆی ببەســـتێ، لەکاتێکدا پەرلەمەنتار نوێنەری تەواوی گەلە نەك هەر ناوچەو خێڵ و شار یان گوندەکەی، دووەم، بۆ حزبە بچووکەکان باش نییە چەند بازنە بێ، بۆ ئەوەی دەنگەکانیـــان نەفەوتێ و هەمووی کۆ ببێتەوە و ئەو دەمە چانســـی هاتنە پێشـــەوەیان زۆرتر دەبێ و پەرلەمانێکمان دەبێ فرە پێکهاتە دەبێ لـــە ڕووی نەتەوەیی و ئایینی و سیاســـی و فیکرییەوە. سێیەم، تەنانەت چەند بازنەیی بۆ حزبەکان بەگشتیش گونجاو نییە و دەیانکاتەوە بە لۆکاڵ، بەتایبەتی کە هەندێکیان لەم یان ئەو ناوچەیەدا دەنگ و ڕەنگێکی ئەوتۆیان نییە، بەتایبەتی ئەگەر کرایە مەرج کە دەنگدەر و کاندید خەڵکی یەك پارێزگا بن...

# کەلتووری دوژمنایەتیکردنی حوکمڕانی کارەساتی کۆمەڵایەتی دروست دەکات

دکتۆر محەمەد شەریف*

*تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بە پێچەوانەی عادەتی هەموو نووسینەکانی دیکەمەوە، ناونیشانی ئەم بابەتەم درێژترە، دەشزانم کە ناونیشانی بابەت کارێکی وای نییە بەسەر یەکلاخستنەوەی دۆز و ئیشکالیەتەکانەوە، ناونیشان بۆخۆی کۆدێکە یان قیبلەنومایەکە بۆ دیاریکردنی ئاراستەو رووگەیەك، خۆ دەشمتوانی ناونیشانێکی وا هەڵبژێرم بەبێ هیچ درێژدادڕییەك ئامانجەکە بپێکێت، وەك ئەوەی بڵێین: دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، کە لە بنەڕەتدا ئەم بابەتەش بۆ خستنەڕووی دیالێکتێکی لێکتێگەیشتنی نێوانیانە، بەڵام تێگەیشتنێکی لۆژیکانە.. لەبەر ئەوەی لۆژیك دەتوانێت هەموو شتێك بخاتەوە شوێنی خۆی و کارتەکان تێکەڵ بەیەکتر نەکات، هەر بۆ ئەم مەبەستەش هەست بەو زیانەماڵوێرانکارییە گەورەیە دەکرێت، کە لە پشت ئەو هەڵە شاراوەیەوە دەست پێدەکات، کە ئەویش بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری حەماسەت ئامێزی و دوژمنایەتیکردنی حکومڕانیە، ئەو حکومڕانیەشی کە بە ئیرادەی خەڵکی دامەزراوە، بە تایبەتیش بۆ بارودۆخی گەلی کوردستان، کە چۆن ئەو رۆشنبیرییەی دوژمنایەتیکردنی حکومڕانی ئەو خەونە جوانە دەشێوێنێت، کە نەوەکانی کورد قوربانیان بە کوڕ و کچی خۆیانداوە بۆ ئەوەی ئەم خەونەیان بێتە دی، ئەمەش واتە هەموو ئومێدیان ئەوە بووە کورد و کوردستان بەئیرادەی خۆی خاوەنی دەسەڵاتی خۆیان بن و لەناو دەنگی گەلان و نەتەوەکانی گێتیدا، دەنگێکی سەربەخۆیانەی خۆیان هەبێت، هەر لەبەر ئەمەش پەلەمکرد بۆ ئەوەی بگەمە ئەم ئامانجە و ئەم ناونیشانەم دانا.

ئەگەر پێشان هەندێك هەنجەتمان هەبووبێت بۆ سووکایەتی کردن بەو دەسەڵاتە داگیرکارەی کە بێبەری دەکردین لە هەست کردن بە بوونی خۆمان وەك گەل و نەتەوەیەك و، کەلەپچەو زنجیری لەدەست و پێ دەبەستین و نەیدەهێشت گەلی کورد چێژ لە ئازادی وەربگرن، ئەوا هیچ بیانوویەك بۆ ئەو رەوتە تاریکبینەی ئێستا نییە کە سووکایەتی بەو حکومڕانیە بکات کە شەرعیەتی هەڵبژاردن و شەرعیەتی خەباتێکی قورس و درێژخایەنی بۆ سەربەخۆیی و ئازادی کورد بەدەستهێناوە. هەربۆیە پێویستە راگەیاندنکاران و پەروەردەکاران کار بۆ ئەوە بکەن رۆشنبیری رێزگرتن لە حکومڕانی بڵاوبکەنەوە نەك سووکایەتیکردن بە حکومڕانی، هەروەها دەبێت لەوە هۆشیاربن کە رێگە نەدەن شکۆی دەوڵەت و دامەزراوەکانی لەبەر چاوی هاووڵاتیان بشکێت، ئەمەش لە پێناوی پاراستنی رێز و پیرۆزی یاسا لە کوردستاندا. هەر وەك نموونەیەك



باسی سوقراتی دانا دەکەم، سوقرات لەگەڵ ئەوەشی کە دەیزانی حکومڕانی ئەو زەمانەش گەندەڵ بوو، بەڵام پەرداخە ژەهرەکەی خواردەوە، ئەمەش وانەیەکە بۆ هەرکەسێك بیەوێت پەندی لێوەربگرێت. لە ئەدەبیاتی فیقهی ڕێبازگەکانی ئیسلامیشدا شتێکی هاوشێوەی سوقرات هەیە بۆ بەرگرتن لە فیتنەگێڕی کوێرانە، هەربۆیە هەڵوێستێکی شارستانی بونیادنەر نابینینەوە کە ئەم جۆرە ڕۆشنبیریە باڵادەست بێت، ئەمەش واتە ڕۆشنبیری سووکایەتیکردن بە حکومڕانی و دەسەڵات. ئەوانەشی کەلتوری سووکایەتیکردن بە حکومڕانی بڵاو دەکەنەوە، دەیانەوێت سیستمی فیکری کۆمەڵگە لەبەریەکتری هەڵوەشێنن، ڕێزگرتن لەیاسا نەهێڵن، تا ئەوپەڕی دروستکردنی نائومێدییە بۆ پرۆژەی حەماسەت ئامێزی خەونی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا کە یاسا تیایدا سەروەر بێت و دەوڵەتیش دەسەڵاتە.

کەس نەکەوێتە ناو ئەو وەهمەی کەمن دەمەوێت بەم بابەتەی نووسیومە، مەبەستم لێی ڕازی بوون بێت بە هەر شێوە گەندەڵبوونێك کە لە دەستی دەسەڵاتخوازێکەوە کەوتبێتەوە، چ بەهۆی نەڕەخسانی مەبدەئی هاودەرفەتی یەکسانی، یان ونبوونی بەهاکانی دادپەروەری لە دابەشکردنی پۆست و پایەو پیشەکاندا، یان بەهۆی کەوتنەوەی دیاردەی تیرەگەری و ناوچەگەرێتی و خزمایەتییەوە، حاشا من خۆم لەنێو ئەوانە ببینمەوە کە پڕوپاگەندە بۆ گەندەڵی لەسەر زەمین دەکەن، بەتایبەتیش لە کوردستان کە هەتا ئێستا بە ئازادی و سەربەخۆیی چاوەڕوانکراو ئاسوودە نەبووە. هەربۆیە ئەوەی دەمەوێت لەم وتارە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە دەسەڵات یان حکومڕانی چەمکێکی شارستانی دەستوورییە، هەر کۆمەڵگەیەك خاوەنی خاك و نەریت و هەستی گشتی هاوبەش بێت بۆ ئینتمای گەلێك یان نەتەوەیەك، ناتوانێت دەستبەرداری چەمکی دەسەڵات بێت. ئەم خەونەی کە کورد خاوەنی دەسەڵاتی خۆی بێت، ئەو خەونەیە کە ئازادی خوازان سروودیان بۆ چڕیوە، بەخوێنی پێشمەرگە ئاودراوە، تا ئێستاش شاخە سەرکەشەکان باس لەشوێن پێکانیان و سووربوونیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاران و داگیرکاران دەکەن، هەر بۆیە ئەو داستانە مێژووییانەی تۆماریان کردون بۆ هێنانەدی ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ بووە تا دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراو بە پرۆسەیەکی دیموکراتییانە لە لایەنی گەلی کوردستانەوە بێتە سەر حوکم و فەرمانڕەوایەتییان بکات، بەڕاستی ئەوە خەونێکی قەشەنگ بووەو کەم کەس بۆ ساتەوەختانێکی نزیك لەو بڕوایەدا بوون بێتەدی..

لە زانستی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامیدا بنەمایەکی هەڵگیراو لە ئەحکامی شەریعەتدا هەیە و دەڵێت: ((ئامانج لە ئەحکامی شەریعەت وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خەڵکییە، هەر لەو زانستەدا ڕیزبەندیەکی قەشەنگ بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵك کراوە و بەپێی گرنگی لای خەڵك و دەکرێن بە سێ بەشەوە:

١. بەرژەوەندییە هەرە پێویستەکان، کە ژیان بەبێ ئەوانە سەقامگیرنابێت و، لەسەر ئەم بنەمایە سیستمی ژیان دادەمەزرێت.

٢. بەرژەوەندییە ئامڕازییەکانی کە ناگەنە پلەو پایەی بەرژەوەندییە هەرە پێویستەکان، کە بۆ ئاسانکاری ڕێگەکانی ژیانەو زەمانەتی پاراستنی کاروبارەکانی ڕۆژانە مسۆگەر دەکەن..

٣. بەرژەوەندییە چاکەخوازییەکان کە ئادابی ڕەفتارکردن و جوانی کردار و کامڵبوون دەخوازن..

هیچ سیستم و فەلسەفەیەك نییە بۆچوونی جیاوازی هەبێت لەسەر ئەوەی دەسەڵات بۆ مانەوەی کۆمەڵگە پێویستییەك نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەسەڵات بوونی نەبێت ئاژاوە بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ دەبێت، هیچ بەهاو نرخێك بۆ هزر و لۆژیك و واقیع نامێنێتەوە، دەسەڵات و یاسا و کۆمەڵگە تێهەڵکێشی یەکترن، بەبێ بوونی ئەوانە زەحمەتە وارِسکەکان و ئارەزووە پەرش و بڵاوەکان کۆنترۆڵ بکرێن، هەر بۆیە دۆزی پێویستیبوونی دەسەڵات و یاسا خراوەتە دەروازەی زانستی یاساوە، هەروەها زانایانی فیقهی سیاسی لە ئیسلامدا بۆ نموونە (ماوەردی) لە (الاحکام السلطانیة)، غەزالیش لە (فضائح الباطنیة) هەروایان کردووە و جەخت لەوە دەکەنەوە ئیمامە (دەسەڵات) زەڕوڕەتە، ئەگەرچی خیلافیان لەسەر ئەوە هەبووە بنەمای دەسەڵات شەریعەت بێت یان ئەقڵ، بەڵام لەو خاڵەدا کۆکن کە دەسەڵات پێویستیەکی کۆمەڵایەتیە، بەبێ بوونی دەسەڵات سەر زەمین گەندەڵ دەبێت و ناتوانین لێی ڕزگار بین. هەربۆیە هیچ گومانێك هەڵناگرێت بەپێی ئەو پۆلینکردنە دەسەڵات دەکەوێتە ناو پێداویستیەکانەوە و هیچ کۆمەڵگەیەك سەقامگیر نابێت ئەگەر یاسا و دەسەڵاتێك نەیپارێزن، بەڵام پێگەی ئۆپۆزسیۆن لەم ڕیزبەندییەدا لە خوارترە، لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆن پێداویستی و هاریکارییە بۆ دیموکراتیەتی سیستەم و پێداویستیەکە بۆ ئەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بە قووڵی بەراورد لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت دەسەڵات قورسایی

**ئەوانەی کەلتوری سووکایەتیکردن بە حکومڕانی بڵاو دەکەنەوە، دەیانەوێت سیستمی فیکری کۆمەڵگە لەبەریەکتری هەڵوەشێنن، ڕێزگرتن لەیاسا نەهێڵن، دروستکردنی نائومێدییە بۆ پرۆژەی حەماسەت ئامێزی خەونی نەتەوەی کوردە لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا**

**پێویستە ڕاگەیاندنکاران و پەروەردەکاران کار بۆ ئەوە بکەن ڕۆشنبیری ڕێزگرتن لە حکومڕانی بڵاوبکەنەوە نەک سووکایەتیکردن بە حکومڕانی، هەروەها دەبێت لەوە هۆشیاربن کە ڕێگە نەدەن شکۆی دەوڵەت و دامەزراوەکانی لەبەر چاوی هاووڵاتیان بشکێت**

بەرپرسیاریەتی گشتگیری لەبەردەم گەلەکەی و جیهان دەکەوێتە سەرشان، لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکانیشدا، دەسەڵات بە دانانی دیسپلین و بەهاگەل و یاسا و ڕێنمایی و فەراهەمبوونی ئاسایش و بەختەوەری و وەدیهێنانی دادپەروەرییە، هەر دەسەڵاتە کە لەلایەن ئەوانەی دەنگیان پێداوە دەخرێتە بەردەم لێپرسینەوەوە، هەر ئەویشە ڕووبەڕووی توێژێك یان چەند توێژێکی جەماوەری تووڕەکراو دەبێتەوە، ئەگەر هەست بە غوبن و زیانکەوتن بکەن لە دەرکردنی بڕیارێك یان یاسایەك، بەڵام ئۆپۆزسیۆن تەنیا ڕۆڵێکی هەیە ئەویش لە هۆشیارکردنەوەی توێژەکانی کۆمەڵگەدا چڕدەکرێتەوە، گەر هاتوو مافەکانیان لێ زەوتکرابوو، کەسیش بەرپرسیارێتی ناخاتە سەر شانی ئۆپۆزسیۆن، چونکە ئۆپۆزسیۆن وەك تەماشاچییەك بە کاملّی حەوانەوەوە لەسەر کورسیەك دانیشتووەو لێیان دەڕوانێت، تا کەلێنێك ببینێتەوە، یان نێچیرێك بکەوێتە بەر دیدی و ڕاوی بکات، ئەگەر دەوڵەتمەداران و کەسانی بەرپرس لە ناو دەسەڵات بە حوکمی پیشەکانیان هەندێ خۆشگوزەرانی کاتیان هەبێت(کە ئەوەش ماوەیەکە و دەستاو دەست دەکرێت)، ئەمە تەنیا لە بری مەترسیداری بەرپرسیارێتیەکەیانەو بەس، ئەمە لە فقهی ئیسلامی و یاسای مەدەنی و یاسای وڵاتانیشدا هاتووە (الغنم بلغرم) ئەمە واتای ئەوەیە کەسێك پابەند دەبێت بەکارێکەوە لەبەرامبەر هەندێك ئیمتیازاتدا، یاسا ئەمەی بە بنەمای ئاشتەوایی و فەلسەفەی بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندی تاکەکان و کۆمەڵگاکاندا داناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە قەت یاسا بۆ بەرژەوەندی تەسکی فەرمانڕەواکان دانەنراوە، لەبەر ئەوەی زۆر سەرکوتکار هەر بەو یاسایەی کە حکومڕانی پێکردووە بە هەمان یاسا لە سێدارە دراوە، بۆیە دەڵێن یاسا لە ئاست داڕێژەرەکەیدا کوێرەو خەسڵەتێکی تەجریدی هەیە، گەرچی ئەم وێناندنە کۆنەم بۆ یاسا لە تێزی دکتۆراکەمدا ساڵی ١٩٧٩ لە زانکۆی بەغدا ڕەخنەی لێگیراوە، دەیڵێمەوە پێویستە ڕوانینێکی قووڵ بۆ هەمەجۆرێتی و هەرجۆرەیی بارودۆخەکان هەبێت لە ساتەوەختی چەسپاندنی دادپەروەریدا، ئەمە لە زانستی سزادانەکاندا بە تاکگەرایی ناونرا،.

ئایا تەرازوویەك هەیە بتوانێت هەردوو تاکەی لەبەردەم قورسایی پێداویستیەکانی نەتەوە و بیروبۆچوونی خەڵك بەبێ جیاوازی هەردوو لاکەی بە هاوسەنگی و یەکسانی ڕابگرێت، یان لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا، کە ئۆپۆزسیۆن ئەرکەکانی تەنیا لە چاودێریکردنی ئەدای حکومەت و بەرپرسانی چڕدەبێتەوە، ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان بۆ کارو شتی باشتر لەمەی هەیە، ئایا ئەم دووانە لەسەر تای تەرازووەکە یەکسانن.

نامەوێت بەمە لە بایەخی ئۆپۆزسیۆنبوون داگرم، لەبەر ئەوەی گەوهەری دیموکراتیەت لەنێو هەناوی ئۆپۆزسیۆنێکی ئەقڵانی ئاشتیخوازدایە، بەبێ ئۆپۆزسیۆنێکی جددی ناکرێت قسە لە دیموکراتیەت بکەین، دیموکراتیەت بەبێ قبوڵکردنی ڕای بەرامبەر بوونی نییە، بۆیە هەر حکومەتێك بەبێ شەرعیەتی یاسایی ئۆپۆزسیۆن سنوردار بکات، ئەوا هەر بەخۆی سەرکۆنەی ئەدای حکومڕانی خۆی دەکات. لەبەر ئەوەی یاسا خۆی حاکمە خۆی سەروەرە، گەڕانەوە بۆ هەرشتێك بێجگە لە یاسا داهێنانێکی فێڵاوییە، لەمەش گرنگتر نارەزایی گەل لە حاکمدارانی لەناو هەر سیستمێکی دیموکراتیدا لە دەرئەنجامەکانی ناو سندوقی هەڵبژاردندا بەرجەستە دەبێتەوە، لە سیستمی سیاسی و یاسایی هاوچەرخدا، مەرجەعیەت بریتییە لە دەستور و پەرلەمان و پەیماننامە نێودەوڵەتیە مولزەمەکان، لە کۆی دەستوورە هاوچەرخەکاندا بە دەستووری عێراق و پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانیشەوە، جەخت کراوەتەوە لەسەر ئەوەی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە، هیچ دەسەڵاتێکی دیکە لەسەرووی دەسەڵاتی گەلەوە بوونی نییە.

ئەگەر ئەم بەراوردکارییەی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هەڵسەنگاندنێکی گشتی بێت بۆ سروشت و تایبەتمەندی هەر یەکەیان، ئەوا دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی کوردستان بارێکی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەی ئەم دەسەڵاتە وەك زەڕوڕەتی سیاسی بۆ سەقامگیرکردنی کۆمەڵگەو زامنکردنی ئازادی و دادپەروەری، وەك ئەرکی هەر دەسەڵاتێکی تر لە کۆمەڵگەدا؛ ئەوا ئەم دەسەڵاتە بۆ خۆی خەونی باو و باپیرانمانە کە هەموویان لەمە بە تاسەی ئەو خەونەوە لەم خاکە نێژران و ئاڵای کوردستانیان نەبینی کە لە پایتەختی هەرێم دەشەکێتەوە.

بەداخەوە هەندێجار چەند لایەنێکی ڕاگەیاندنی کوردی، دەستیان داوەتە کێشانی وێنەیەکی ناشرین بۆ دەسەڵاتی کوردی، ئەوەش لە تۆڵەی کارو کردەوەی نارێکی هەندێ کەس کە بەسەر ئەم دەسەڵاتەوە بوونەتە ماڵ، ئەمە درزتێخستنێکی دزێوی ماڵی کوردی چاوەڕوانکراوە، هەوڵدانێکە بۆ لەباربردنی ئەو کۆرپەلەیەی هێشتا لەنێو ڕەحمی دایکی نیشتماندایە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا سەرەنجام ئەمە نابێتە کارەساتێکی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا؟

ئەگەر ئەم هیواو ئاواتە تایبەتمەندی ئەزموونی




ساوای کوردستان بێت لە دەسەڵاتدا، ئەوا بەرپرسیاریەتی سەرکردەکانی دووبەرابەر دەبێت بۆ پاراستنی لەهەموو گەندەڵی و ئیستغلالکردنێك، ئەمە بەرپرسیاریەتی ئەوانی دیکە (ئۆپۆزسیۆن یان هاودۆستەکانی ) بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونە بێگەردە کەمناکاتەوە، کە زۆر کەس لە پێناوی گەیشتن بەم ئەزموونە شەهید بوون و چێژیان لێ وەرنەگرتووە.

ئاشکرایە واتای دەسەڵات بەپێی بەرەوپێشەوەچوونی هۆشمەندی مرۆڤ گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، نامانەوێت لێرەدا ئەم گۆڕانکارییانە نمایش بکەین، گرنگ ئەوەیە مرۆڤایەتی قۆناغی دەسەڵاتی ڕەهای خۆفەرزێنی تێپەڕاندووە، بەڵکو بیری دەوڵەتی یاساو شەرعیەتی دەستووری پێگەیشتووە، چیدیکە نە لە عورفی نێودەوڵەتی و نە لە ئاگامەندی گەلان دەوڵەتێکی نایاسایی یان دەوڵەتی نادەستووری قبوڵکراو نییە..

لێرەدا بەجێی خۆی دەزانم بڵێم، کەس خەیاڵی ئەوەش نەکات وابزانێت لە پاڵ واعیزی سوڵتانەکاندا وەستابێتم، نەخێر، لەبەر ئەوەی سوڵتانەکان بەوجۆرە حکومڕانی گەلانیان کردووە، وەك شوانێك مەڕوماڵات ببات بەڕێوە، بەڵام دەسەڵات بەرجەستەبووی ئیرادەی گەلە بەپێی هەڵبژاردنێکی ئازادانەی دیموکراتییانە هەڵبژێردراوە، نابێت کەلێن بخرێتە نێوان گەل و ئەو دەسەڵاتەی بە پرۆسەی دیموکراتی هەڵبژێردرابێت، سووکایەتیکردن بە دەسەڵات، سووکایەتیکردنە بە ئیرادەی گەل، ئەوانەی ئەم کەلتووری ریسواییکردن و رقلێبوونەوەیە لە ناخی نەوەی تازە پێگەیشتووی کورد دەچێنن، ئەو نەوەیەی کە تەجرەبەی حەرەس قەومی و ئەفالچیەکانیان نەبینیوە، نائومێدیان دەکەن لەوەی کە بتوانن هەنگاوێکی نوعی هەڵبگرن بۆ بەدیهێنانی خەونی گەورەمان کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە.

نیزام قەدەری پەروەردگارە لە سروشت و گەردووندا، ((انا کل شی خلقناه بقدر)) نیزام وارِسکێکە لەناو هەموو زیندەبووانی سەر زەمیندا، ئیرادەیەکی عاقڵمەند لە مرۆڤدا بوونی هەیە، پێویستیشە بۆ مانەوەی مرۆڤایەتی، دەسەڵات بەرهەمی ئەم ئیرادەیەیە.

ئەگەر لە کارو کردەوەی هەندێك لە بەرپرسان یان کەسانی نزیك بەوان هەندێك گەندەڵکاری ئەنجام درابێت، یان تەنانەت ئەگەر پەتای گەندەڵێتی تەشەنەی سەندبێت، ئەوا دەزگاکانی چاودێری ئەرکی سەرشانیانە بە تایبەتی ئەرکی پەرلەمانە بە هەردوو باڵی فەرمانڕەواو و ئۆپۆزسیۆنیەوە هەروەها لەسەر داواکاری گشتی مەرجە و ئەرکە وەك چۆن ئەرکی

**دەسەڵات و یاسا و کۆمەڵگە تێهەڵکێشی یەکترن، بەبێ بوونی ئەوانە زەحمەتە وارِسکەکان و ئارەزووە پەرش و بڵاوەکان کۆنترۆڵ بکرێن، هەر بۆیە دۆزی پێویستی بوونی دەسەڵات و یاسا خراوەتە دەروازەی زانستی یاساوە**

**ئۆپۆزسیۆن ئەرکەکانی تەنیا لە چاودێریکردنی ئەدای حکومەت و بەرپرسانی چڕدەبێتەوە، ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان بۆ کارو شتی باشتر لەمەی هەیە، ئایا دەکرێت ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لەسەر تای تەرازووەکە یەکسانبن؟**

**گەوهەری دیموکراتیەت لەنێو هەناوی ئۆپۆزسیۆنێکی ئەقڵانی ئاشتیخوازدایە، بەبێ ئۆپۆزسیۆنێکی جددی ناکرێت قسە لە دیموکراتیەت بکەین**

**دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی کوردستان بارێکی تایبەتی هەیە، بێجگە لەوەی وەک هەر دەسەڵاتێک زەرورەتە بۆ کۆمەڵگە، لەهەمانکاتدا بۆخۆی خەونی باپیرانمانە کە هەموویان بە تاسەی ئەو خەونەوە لەم خاکە نێژران و ئاڵای کوردستانیان نەبینی کە لە پایتەختی هەرێم دەشەکێتەوە**

جەمسەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشە ئەو گەندەڵیانە ئاشکرا بکەن و داوای یاسایی لەسەر جێبەجێکاران تۆمار بکەن، ئەگەر حکومەت لە فەراهەمبوون و زەمینەسازکردنی لایەنەکانی چاودێری هاوکار نەبێت بۆ وەدیهاتنی ریفۆرم و چاکسازی، یان ئەگەر شکست بێنێت لە بەڕێوەبردنێکی بەهێزی پرۆسەی چاکسازیدا، ئەوا دەبێت لە هەڵبژاردنی داهاتوو رێگە چۆڵ بکات بۆ حکومەتێکی دیکە، بەڵام پێویستە لەوە هۆشیاربین خۆمان نەخەینە سەنگەری کەرامەت شکاندنی دەسەڵاتێکەوە، کە بە دەنگ و رۆح و ئیرادەی گەلێك و لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا فەرمانڕەوایی پێ دراوە..

میدیاکار و ئۆپۆزسیۆن و کەسانی تریش دەتوانن بە بەردەوامی بەرپرسانێك بدەنە بەر نەشتەری رەخنەکانیان ئەگەر هاتوو ئەمانەتی بەرپرسیارێتییان پێ نەپارێزرابێت، بەڵام بۆ هیچ کامیان نییە پەنجە رابکێشێت بۆ شکاندنی کەرامەتی حکومڕانی یان نیشتمان یان دەوڵەت، هەر کەسێك ئەو مافە بداتە خۆی و دەسەڵات وەك شەیتان نیشان بدات، ئەوا بانگێشە بۆ ئاژاوەو پوچگەرایی دەکات.

شتێکی تر کە گرنگە ئاوڕی لێ بدرێتەوە، رەنگە ئۆپۆزسیۆن ئەستۆپاکی خۆی لە دەرئەنجامەکانی شکستهێنانی حکومەت و دەسەڵات لە نەهاتنەدی خزمەتگوزارییە پێویستەکانی گەل رابگەیەنێت لە کاتێکدا نوێنەرەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانەوە هاوبەشن لە چالاکیە ئەرێنییەکانی یاسادانان و چاودێریکردن، چەندین ئیشکالیەت هەن کە ناتوانین لە ئاڵۆزییەکانی رزگار بین، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ شەرعیەتی دەستوور کە دادگا پارێزگاری لێدەکات و متمانەی هەموو لایەکی وەرگرتووە، ئەم ئیشکالیەتانە لەو یاسایانەوە سەرچاوە دەگرن کە ئەرکیان سنوردارکردنی ئازادییەکانە، ئازادیش پێشەنگی چەمك و رێبازگەو بنەماکانی مافە مرۆییەکان کە هەموو پرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی لەسەری کۆکن و، ئەو ئازادییەیە کە پارێزەری ژیان و کەرامەتی مرۆڤە، بۆیە مەرجە لەسەر هەموو یاساکان و دەسەڵاتیش ئازادی تاکەکان بپارێزن، بەڵام ئەم ئەرکە بە تەنیا بەس نییە بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێی نێوان ئازادییەك لە فەزایەکی فراوان و ئازادییەکی تردا کە سنووردار کراوە بە یاسا، قەیدوبەند هەر قەیدو بەندە ئەگەر لە زێڕیش دروستکرابێت، ململانێی بەرژەوەندییەکان لەسەرو هەموو ئاستەکانەوە ئەو دەردە پیسەیە کە گرژی دروست کردووە، ئەم شەڕەقسەو جەدەلەی ئێستا هەیە بەردەوام دەبێت تا ئەو دەردە بوونی هەبێت، تەنیا بە شتێك کاریگەرییە خراپەکانی نامێنێت، ئەویش بەرزکردنەوەو هەڵبژاردنی دەستوور و یاسا نێودەوڵەتیەکانە، وەك ژێدەر و مەرجەعیەتی سیاسی و یاسایی بە توانا لە یەکلاکردنەوەی هەموو ئیشکالیەتەکاندا، وێڕای ئەمەش ئیمامی فەیلەسوفەکانی خۆرئاوا (کانت)ی دانا لە سەدەی هەژدەیەمەوە وتویەتی ئاشتەوایی هەمیشەیی تەنیا لە گۆڕستانەکاندا بوونی هەیە..

گەلانی دنیا تا ئێستا باشترین رژێمێك کە بە پەسەندیان زانیبێت دیموکراتیەتە، چونکە ئازادی تاکەکان و کۆمەڵگەش مسۆگەر دەکات و بە ئاشتیانە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات فەراهەم دەکات، مەبدەئی هاودەرفەتی بۆ گەیشتن بە زانست و سامان و پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەڕەخسێنێت بۆ هەمووان، بەڵام دیموکراتیەت بە واتای بەختەوەری نایەت، بە تەنیا ناشتوانێت گرفتە زۆرەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر بکات. بەڵام دیموکراتیەت هەر وەك هەموو فەلسەفەکانی تر و فکرە روناکبیریەکان و ئایینە ئاسمانیەکان و وەزعیەکانی سەر زەمین نەیتوانیوە ململانێ و دیالەکتێکی ناخەکی مرۆڤەکان چ وەك تاك و چ وەك کۆمەڵ رابگرێت، چەندی هەوڵیان دا گەندەڵییشیان لەسەر زەوی پێ بنەبڕ نەکرا.

خاڵی ململانێی سەرەکی لە پێناوی بەرژەوەندی زاتیدایە(قل کل یعمل علی شاکلتە) مرۆڤی بیرمەند هیچ کاتێك بیانوو بۆ شتێك نادۆزێتەوە کە هەمووان لەسەری تەبابووبن، دوور لە رکابەریکردنی یەکتری هەموومان هاوڕاین لەسەر چەمکەکانی دەوڵەت و دیموکراتیەت و ئازادی و میکانیزمەکانی هەڵبژاردنەکان و دادپەروەری و یەکسانی و مافی گەلان لە هەڵبژاردنی چارەنووسداو مافی تاکی (کوڕ و کچ) لە بڕیاردانی خۆی و دیاریکردنی چارەنووسی، بەڵام بۆچوونە جیاوازەکانمان مەحکومە بە رابردوومان یان ئەو هۆکارانەی کە نابینرێن بۆیە ململانێکان بەردەوامن، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان ململانێیەك کە بە گوتاری زبری کوشندە دەردەبڕێت و ململانێیەك کە بە بیری ئاشتیخوازانەی جیاواز بەڕێوە دەچێت، ئەمە ئەو پەندەمان دێنێتەوەیاد کە دەڵێت (جیاوازبوون تەبایی دۆزەکە تێك نادات)، لەم بوارەی ململانێی هۆشیاری شارستانی و ئەزموونی کەڵەکەبوو دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەبەرهەمی هاوکاریدا رۆڵێکی میحوەری گرنگ بگێردرێت، ئەمە ئەوەیە کە ئێمەی کورد پێویستە بۆ پێگەیشتنی دیموکراتی لە کوردستان چالاکی بکەین، ئەمە وێڕای ئەو رەشەبایەی کە دەیەوێت گەڵاکانی بخاتە خوارەوە.

هەتا ئێستا ئێمەی کورد چێژی ئازادی و سەربەخۆییمان نەکردووە، تا ئێستاش کەسانی وەك شەهرستانی لێمان رادەپەڕێت تا ئەو مافەی بەپێی دەستووری عێراقی وەك یەك پێمان سپێردراوە لێمانی زەوت بکات، وێڕای لکاندنی زۆردارەکیانەی سەپێنراوی مێژوویی هێشتا بڕیاری لە سێدارەدانمان بۆ دەردەچوێنن تا بیر لە جوداخوازی نەکەینەوە، وێڕای ئەوەی پێکەوەلکانی بەزۆردارەکێی دوور لە هاوخەمی پێکەوەژیان بۆخۆی بریتییە لە سێدارەدان، بەڵام جودابوونەوەی بە خۆزیاری کە پێوەندییەکانی دراوسێیەتی توندوتۆڵ دەکات بەهێزترین نموونەی پێوەندبوونە بە یەکترەوە لە رووی مێژووییەوە..

کەچی هەندێك لە هاوخوێن و کەسانی ناوخۆمان، ئەوانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا و لە گەمەیەکی دیموکراتیدا دەنگی پێویستیان نەهێناو نەگەیشتنە دەسکەوتی رێبەرایەتی کردن بۆ خۆیان نیازمەندن لەناو نانەوەی ئاژاوەدا ئەم ئەزموونە ناوازەیەی هەرێمی کوردستان نغرۆبکەن، لەگەڵ سەرانی ئەو رژێمانەدا حەشری بۆبکەن کە گەلانیان هاواریان دەکرد بۆ رووخانیان، وەك چۆن دەوڵەتی بن عەلی و حوسنی موبارەك رووخێنران، ئەگەر ئەم کەسانە بە باشی هەڵوێستیان هەڵسەنگێنن و وزەی بەکارهاتووی خۆیان بۆ رووخان وەرگێڕن بۆ هاریکاری کردن لە پێناوی جەنگان دژ بە گەندەڵی بێ خۆگیفدان و بێ لەکەدارکردنی ناو و ناوبانگی هەرێمی کوردستان، ئەوە بە دڵنیایی ئێستا لە دڵی هاوسۆزانی خۆیان نزیکتر دەبوونەوەو هەوادارانی ئەم ئەزموونەش پشتگیرییانی دەکردن کە ئەم ئەزموونە بەلایانەوە بریتییە لە خەونێکی رەوا بۆ خۆیان و هەموو پارچەکانی تری کوردستانیش، ئەوەی روویداوەو روودەدات بەپێی ئەو نەخشە سیاسیەی دەرئەنجامە خاوێنەکانی هەڵبژاردنەکان نەخشاندیی بە شایەتحاڵی هەموو دنیای دەرەوە ئەوەش بریتی نییە لە کۆتایی مێژوو بۆ کەس، بەڵکو ئێمە هێشتا لە دەسپێکی رێگای مێژووەکەداین، رەنگە رۆژێك بێتە پێشەوە کە ئۆپۆزسیۆنی ئێستا، دەسەڵاتی زۆرینە وەدەست بهێنێت و نەخشەیەکی سیاسی نوێ دارێژێتەوەو دارێژەرانی نەخشەی پێشوو بکشێنەوە بۆ ریزی پاشەوە، ئیتر ئەمەیە گەمەی دیموکراتیەت کە هیچ حزبێك تا سەر ناتوانێت رای زۆرینە بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئەوەتا مێژوو پێمان دەڵێت چەرچڵی سەرۆك وەزیرانی بەریتانی وێڕای سەرکردایەتیکردنێکی سەرکەوتووانەی بۆ سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر هیتلەردا پاش جەنگی دووەمی جیهانی سرووشی عەشقایەتی خەڵکی بۆ گۆڕانکاریی لە سەرۆکایەتی دووری خستەوە، ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە لە رووخسارەکانیشدا بێت ئەوە هەر گۆڕانکارییە، تەنانەت لەوانەیە لە پێناوی ئەو گۆڕانکاریەشدا ئەوانەش لەیاد بکرێن کە پاڵەوانی داستانەکانی رزگاریخوازی وڵاتیانن، ئەمە باشترین گەواهیدەرە لە دیموکراتیەتەکانی پێشاندا، ئێمەش ئەفسوونێکمان نییە ئیستسنامان بکات لەم رێسایە وەك عەرەب دەڵێن((زۆرینەی خەڵکی حەزیان بە رژێم نایەت، ئەگەر راست بێژیش بن هەرنیوەی ئەو زۆرینەیە دەیبەنەوە)).

ئەوانە چەندی بیانووی لۆژیکیانەیان هەبێت بۆ نارەزایەتیەکانیان لە سیستمی دیموکراتیدا، ئەوا هەڵسەنگاندنی بابەتی پشت بە ئاکام دەبەستێت، ئاکامی ئەوەی کردیشیان کارەساتە، یەکێکیان ئەوەی هەوڵیان بۆدا وێنەیەکی ناشرینی حکومڕانی کوردی پیشانبدەن کە یەکەم ئەزموونە لەم سەردەمە لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، دووەم کارەساتیش ئەوەیە کە ئەو هەستەیان لاواز کرد بەرامبەر قبوڵبکرێت، ئەگەر بۆ ماوەی خولێکی هەلبژاردنیش بێت، سێهەمین کارەساتی ترسناکیش ئەوەیە، کە وەك دەبینین ئۆپۆزسیۆن هاوکاری دەسەڵاتی زۆرینە رەتدەکاتەوە، ئەم رەتکردنەوەیە بەرامبەر رەتکردنەوەی هاوشێوەیە لەسەر بنەمای مامەڵەی بەرامبەر، خۆ ئەگەر لە خولی تازەی هەڵبژاردندا ئۆپۆزسیۆن هەڵبژاردن بباتەوە، رووبەڕووی ئەم کارەساتە کۆمەڵایەتیانە دەبنەوە کە لەو بڕوایەدانیم دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هیچیان ئەنجامی وەهایان بوێت.

هەندێ جار مرۆڤ خۆی بە هەڵەدا دەبات و میتۆدی نەعامە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعەکەدا پیادە دەکات، نایەوێت بڕوا بهێنێت بەوەی لە بەرچاوانە، لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی مێژووییماندا دیمەنی هێندە زۆرمان هەن لەو دیمەنانەی کە رۆڵی کورد خۆیان بۆتە هۆکاری شکستەکان. ترسی ئەوەمان هەیە چیرۆکی ململانێی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەم چاخە تازەیەدا راپەڕینی کورد بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی ببێتە قوربانی ململانێی شەخشی و ناوچەگەرێتی وەك دەڵێن بخرێتە ناو تەپوتۆزی کای کۆن بە با کردنی لایەنەکانەوەو لە دیمەنی تازەدا چ وەك ناوەڕۆك چ وەك فکریش ئەو تۆڵەو کینە شەخسیانە درێژبکاتەوە بۆ پاش مۆدێرنەی کوردیش، دوعاخوازین لە خوای گەورەو دلۆڤان نەگەین بە حاڵێکی وەها نالەبار..

*** سەرۆکی کۆربەندی هزری ئیسلامی**

**جیاوازی هەیە لەنێوان ململانێیەک کە بە گوتاری زبری کوشندە دەردەبڕدرێت و ململانێیەک کە بە بیری ئاشتیخوازانەی جیاواز بەڕێوە دەچێت**

**ناشرینکردنی ئەزموونی کوردستان و لاوازکردنی هەستی یەکتری قبوڵ کردن کارەساتی کۆمەڵایەتیان دروستکردووە**

# دیموکراسیی کوردی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی

(٢)



دکتۆر عادل باخەوان*

ئالان تورێن، سۆسیۆلۆگی گەورەی فەرەنسی، لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە، سێ بنەمای سەرەکی بۆ دروستبوونی هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، لەنێو کۆمەڵگە پۆست پیشەسازیەکاندا دەسنیشانکردووە کە دەکرێت وەك چوارچێوەیەکی گشتی و فراوان بۆ ناسینەوەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێن.

**• بنەمای یەکەم: شوناس**

ئەم بنەمایە پرسیاری «کێ ململانێ دەکات» لەخۆی دەکات. شوناس بریتییە لەو شتەی کە گرووپێك خۆی پێ پێناسەدەکات و پاشان لەلایەن بەرامبەرەکانیەوە بەو «شتەوە» دەناسرێتەوە. شوناسە دەستەجەمعیەکان دەکرێت لەسەر بناغەی پیشە، ئەسڵی کۆمەڵایەتی، تەمەن، رەگەز، ئینتیمای ئایینی یان ئیتنی خۆیان دابمەزرێنن. ئەندامانی هەر گرووپێك وشیارن بەو شوناسەی کە خۆیان بەهەڵگری دەزانن. واتە بەبێ وشیاری لەسەر شوناسی هەڵگیراو، گردبوونەوەیەکی بەشەری ئەستەمە بتوانێت خۆی وەربگێڕێتە سەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی.

**• بنەمای دووەم: ئۆپۆزیسیۆن**

گەر بنەمای شوناس بە پرسیاری «کێ ململانێ دەکات» دەستپێبکات، بنەمای ئۆپۆزیسیۆن کار لەسەر پرسیاری «کێ ململانێ دەکرێت» دەکات. واتە بەرامبەری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کێیە؟ ئالان تورێن پێیوایە گردبوونەوەیەکی بەشەری نابێت بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی گەربێتو نەتوانێت ناوی ئەو بەرامبەرەی دەستنیشانبکات کە هەڵگری سیستەمێکی دیکە لە بەهایە و ئامادەیە بەرگری لێبکات. لێرەوە ململانێ دەبێت بە مناڵدانی دروستبوونی ئەویتری بەرامبەر و بیناکاری وشیاری ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان.

**• بنەمای سێیەم: گشتگیری (تۆتالیتێ)**

پرسیاری سەرەکی بنەمای سێیەم بریتیە لە «ململانێ لە پێناوی چیدا؟». دیسانەوە تورێن پێیوایە کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەپێناوی کۆنترۆڵکردنی ئاراستەی رووداوە گەورەکانی کۆمەڵگەیەکدا ململانێ دەکات و ئەمەش ناودەنێت دروستکردنی مێژوو. کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی تۆتال/گشتگیر بەو مانایەی کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەیەوێت. من پێموایە ئەم بنەما تۆرێنیە جێگای گفتوگۆیە و ئەستەمە کە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بتوانێت کۆنترۆڵی کۆمەڵگەیەك بەتەواوی بکات و لە چرکەساتی کۆنترۆڵکردنیشیدا دەکرێت کارەساتی گەورە دروستبکات. پێموایە لەهەر شوێنێك هێزێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی هەژموون بکات بەسەر تەواوی رووبەرەکانی کۆمەڵگەیەکدا، لەو شوێنەدا گریمانەی تۆتالیتاریسم تەواو بەهێزە.

ئایا لە کوردستاندا بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، بەو شێوەیەی کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان باسیانکردوە، ئامادەیە؟

من پێموایە لە کوردستاندا بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کلاسیکیمان نییە. واتە بزووتنەوەیەك کە لەسەر ململانێی چینایەتی بەمانا مارکسیەکەی خۆی پێکهێنابێت. کۆمەڵگەی کوردی بەبێ ئەوەی بە قۆناغی پیشەسازی مەزندا تێپەڕیبێت، بەگۆشت و ئێسقانەوە پێیناوەتە نێو قۆناغی جیهانگیریەوە. لەم قۆناغەدا چەند رەوتی دیموکراسی کوردی بەرەوپێشەوەبێچێت، هێندەش رەوتی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان بەرەوپێشەوە دەچێت. لەهەلومەرجێکی ئاوادا، ئێمە دەتوانین سەرەتاکانی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شەرمنانەی چوار بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کوردی دەستنیشان بکەین.

* تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

• **یەکەم: بزووتنەوەی ژنان**

ئێمە درۆیەکی گەورە دەکەین گەر پێمانوابێت کە بزووتنەوەی ژنانی کوردی لە ئاستی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئەمریکی یان فەرەنسیدایە. بەڵام درۆیەکی گەورەتر دەکەین گەر پێمانوابێت بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ژنانی کوردی بوونی نییە (وەك بەشێك لە رۆشنبیران باسی دەکەن). ئەم بزووتنەوەیە نەك هەر بوونی هەیە، بەڵکو تا ئاستێکی تێبینیکراو توانای تەعبئەکردنی هەموو ئەو کەسانەی هەیە کە بەرگری لە مافی ژنان بەگشتی و یەکسانی ژن و پیاو بەتایبەتی دەکەن.

• **دووەم: بزووتنەوەی رۆشنبیران**

بەهێزتر لە بزووتنەوەی ژنان، پێموایە بزووتنەوەی رۆشنبیرانی کوردی لە ئاستێکی بەرزتردا توانای «تەعبئەکردنیان»هەیە و کارایییان بەسەر چۆنیەتی دروستکردنی بڕیارەوە فاکتێکی تێبینیکراوە. بەشێکی زۆری ئەم بزووتنەوەیە لە هەموو ئەو کەسانە پێکدێن کە دەکرێت بە وردە رۆشنبیر ناویانبەرین؛ بەومانایەی کە ناوی گەورە نین و بەرهەمی گەورەیان نییە، بەڵام کۆبوونەوەیان لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا هێزێکی تایبەتیان پێدەبەخشێت.

• **سێیەم: بزووتنەوەی خوێندکاران**

قەیرانی سەرەکی بزووتنەوەی خوێندکاران بریتییە لە ئیشکالیەتی حزبیبوون. واتە بەشێکی زۆر لەو رێکخراوانەی کە بڕیارە نوێنەرایەتی خەون و خواستەکانی خوێندکاران بکەن، لەبناغەدا حزبیین و کار لەسەر کۆنترۆڵکردنی خەون و خواستەکانی خوێندکاران دەکەن. لەپەنای ئەم قەیرانە بەهێزەشدا، هەست بەوە دەکەین کە لە ئاستێکی تەواو نزمدا، شتێك بەناوی بزووتنەوەی خوێندکاران هەیە و هەوڵدەدات لە حزبیبوون بێتە دەرەوە. من دڵنیام لەوەی کە لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی دیموکراسیدا، ئەم رێکخراوانە گەر خۆیان یەکلایی نەکەنەوە و نەبن بە نوێنەری راستەقینەی خوێندکاران، لەناودەچن و جێگا بۆ دروستبوونی رێکخراوی دیکەی بابەتیانە چۆڵدەکەن.

• **چوارەم: بزووتنەوەی لاوان**

بزووتنەوەی لاوانیش هەڵگری هەمان قەیرانی بزووتنەوەی خوێدنکارانە و لە هەمان قۆناغی ئەودایە و هەمان گریمانەی ئەویشی لەبەردەستدایە. لەکاتێکدا دەکرا ئەو هەزاران هەزار لاوە کوردەی کە بەرەڵای نێو کۆڵانەکانی جیهانگیری کراون، خۆیان رێکبخستایە و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزیان دروستبکردایە، بەپێچەوانەوە، ئەوان شەرمنترین و لاوازترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتین لە کوردستاندا، هەرچەند دڵنیام لەوەی کە ئەم شەرمنی و حزبیبوونە لە داهاتوودا بەردەوامنابێت و گریمانەی کارابوونی ئەم بزووتنەوەیە تەواو بەهێزە.

ئایا ئەم چەند دێڕە بەسە بۆئەوەی کە ئێمە لەو چوار بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە کوردیە تێبگەین؟ بێگومان نەخێر. تەنیا توێژینەوەیەکی مەیدانی سۆسیۆلۆژی لەسەر هەردوو ئاستی چۆنایەتی و چەندایەتی رێگامان پێدەدات کە ببین بە خاوەنی مەعریفەیەکی بابەتیانە لەسەر ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە و ئەمەش ئیشکالیەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەی ئێمە نییە. ئەوەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین شتێکی دیکەیە کە دەکرێت ناویبنێین: رۆڵی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە لە چاودێریکردنی دیموکراسی کوردیدا.

بایەخی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان بۆ ئەم توێژینەوەیەی ئێمە لەوەدایە کە هەر یەکێك لەم بزووتنەوانە (ژنان، رۆشنبیران، خوێندکاران، لاوان) دەتوانن لەیەک کاتدا ئەکتەری هەرسێ میکانیسمی چاودێریکردنی دیموکراسی بن: وریابوون، رەخنەگرتن، نمرەبەخشین. ئەم بزووتنەوانە هەمیشە لەسەرپێن، وریان، بەخەبەرن و بەوردی چاودێری جومگە بە جومگەی ئەو نوخبەیە دەکەن کە لە دەسەڵاتدان. دەکرێت لێرەدا نموونە بەو پرۆژە یاسایە بێنینەوە کە پەیوەندی بە رۆژنامەنووسانەوە هەبوو. هەر لەسەرەتای ئەم پرۆژەیەوە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی و بزووتنەوەی رۆشنبیران بەتایبەتی، بەو پەڕی وریاییەوە ئەم پرۆژەیەی خستە ژێر چاودێریەوە. لە قۆناغی دووەمیشدا دەیان رەخنەی بابەتیانەی لێگرت و لە قۆناغی سێیەمیشدا نمرەی باشی و خراپی پێبەخشی. لەدەرەنجامدا کارایی راستەوخۆی بەسەر پرۆژەکەوە دانا.

ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە، بەپێچەوانەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کرێکارانەوە کە لە سەدەی رابردوودا دەیوسیت خودی سیستەمەکە هەڵبوەشێنێتەوە و دەسەڵات بگرێتە دەست، هەروەها بەپێچەوانە حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە کە دەیانەوێت بە هەر رێگایەك بووە حزبی دەسەڵاتدار شکستپێبێنن، دەیانەوێت چاودێربن بەسەر ئەو نوخبەیەوە کە پێش ئەوەی بگات بە دەسەڵات دەیان پرۆژە و ئامانجی پێشنیارکردووە و سەدان بەڵێنی بە هاووڵاتیان داوە. چاودێریکردنی ئەم نوخبەیە بەمەبەستی ئەوەیە کە تا چەند پرۆژەکانی، بەڵێنەکانی جێبەجێدەکات و تا چەند مەودای نێوان تیۆری و پراکتیك کورت دەکاتەوە.


ئەم بزووتنەوانە دەتوانن پەردە لەسەر گەندەڵی لابدەن، درۆکان بخەنە بەر خۆر، لادانەکان دەستنیشانبکەن، ناتەواوییەکان بنووسنەوە، ببن بە گرووپی پاڵەپەستۆ، پرۆژە یاساکان بپشکنن، جەماوەر بێننە سەر جادەکان، سەرکردایەتی مانگرتنەکان بکەن و دەیان رێگای دیکە بگرنە بەر. لەئامادەبوونی بەهێزی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێیانەدا کۆمەڵگەی کوردی دەتوانێت گەشبینبێت بە داهاتووی دیموکراسی، بەبێ ئەوەی ئەرزشدابنێت بۆ ئەوەی کێ لە دەسەڵاتدایە و کێ هەڵبژاردنەکان دەباتەوە.

بێهودەنییە کە یەکێك لە سیفەتە بەناوبانگەکانی دەوڵەتە شمولیەکان بریتییە لەوەی کە بەهیچ شێوەیەك و لە هیچ هەلومەرجێکدا رێگانادەن بە دروستبوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. لە وڵاتێکی وەك کۆریای باکوردا، هەر قسەکردنێك لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی یەکسانە بە لە سێدارەدان، لە وڵاتێکی وەك چین، ساڵی ١٩٨٩ بزووتنەوەی خوێندکاران کە تەنیا خۆپیشاندانێکی ئەنجامدا، لەنێو خوێن و ئاگر و ئاسندا کۆتایی پێهات. ئەو قەسابخانەیەی کە نوخبەی دەسەڵاتداری چینی، لەنێوان ١٥ ئەڤریل ١٩٨٩ و ٤ ژون ١٩٨٩ دا دروستیکرد، تا ئێستاش برینەکانی سارێژنەبوون. چەند دەسەڵاتێکی سیاسی زەبروزەنگ بەرامبەر بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەکاربێنێت، هێندەش لە رۆحی دیموکراسی دووردەکەوێتەوە و لە تۆتالیتاریسم نزیک دەبێتەوە.

لێرەوە یەکێك لە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی دیموکراسی کوردی بریتییە لە مەمەڵەکردنی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە کوردیەکاندا. دیموکراسی تەنیا کۆمەڵێك دروشم نییە کە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان بەردەوام دووبارەبکرێنەوە، بەڵکو کۆمەڵێك پراکتیکی ژیانی رۆژانەشە و بەبێ رێزگرتن لێیان، دروشمە تیۆرییەکان، یەك لەدوای یەك بەتاڵدەبنەوە.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

# مۆدێرنەو مەسەلەی دابڕان



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

**کۆرپەلـــە، کاتێ لە دایکـــی دەبێتەوە ئەم لێکپچڕانە ئەوە ناگەیەنێت کە بۆ هەمیشەیی لێـــی دادەبڕێـــت، بەڵکو ئەوە پرۆســـەیەکی لێکپچڕانەو وا لـــە کۆرپەلە دەکات بە هۆیەوە گرێبدرێتـــەوە بە دایکیـــەوە، واتا لە ڕێگەی پەتك بڕینی ناوك و لێکجوداکردنەوەوە، هەمان پرۆسەشە کە بە هۆیەوە دەتوانین پێوەندییەکی جوداو جیـــاواز لە رابردووەوە ببەســـتینەوە بە داهاتووەوە، بـــە هۆیەوە رابردوو زیندوو ببێتەوەو نوێبوونەوەش یەکێـــك بێت لە هەلومەرجەکانی رەسەنایەتی..**

وەك زانـــراوە چەمکـــی دابـــڕان لەدایکبووی فەلســـەفەی زانســـتەکان و مێژووەکەیەتی، زۆرجار ئەم چەمکە دەگێڕنەوە بۆ تەوژمی گاســـتۆن باشلاری کە پێی وا بووە ئەپستیمی زانستی لە بۆشـــاییەکی ئەبیستیمیەوە دروســـت نابێت، بەڵکو هەمیشە ئەبیستیم ـ دژەو بەسەر پاشماوەکانی دەسپێکی راوبۆچوونەکانەوە یان نزیك بـــەوان دادەمەزرێت، لـــە رووی مێژووییەوە دابڕان بە شـــێوەیەك دەخوڵقێت کە لە رابردووی نازانستی هەرچی لە پێش خۆیدا هەبووبێت بە یەکجارەکی لێی دادەبڕێت، وەك فەیلەسوفی مارکسی لویس ئاڵتۆسێر لە تیۆریاکەیدا بەو وتەیەی گوزارشتی لێـــی کردووە((بەر لە مێـــژووی زانســـتێکە تایبەتە بەمێژووی ئایدیۆلۆژیابووی))

لـــەوەش تێدەگەین کە ئەو چەمکە لـــەو بوارانەدا نائاخنرێت کە لە هەناویەوە هاتبێتـــەدەر، چونکە بە خێرایی گوازرایەوە بۆ مێژووەکانی دیکە، بە تایبەتیش مێژووی فیکر بە گشـــتی، لە بەرانبەر مێژووی گەیاندنەکان کە بایەخی دەدا بە رەسەنایەتیی بنەچـــەکان بـــە لکەکانیەوە، یان لـــە گەڕاندا بوو بە شـــوێن کاریگەریـــی و لێکچوواندن و پڕکردنـــەوەو تەناغوماتەکانەوە، یان گەڕان بوو بە شـــوێن کنەو پشکنینی هۆکارەکانی سکون و رەتابەتەوە، یان بەردەوامێتی و چەســـپاوێتییەوە: چەسپاوێتی لە حەقیقەتەکاندا، لە رەخساندنی زانیارییەکاندا، لە چەقبەستوویی دامودەزگاکانـــدا، هەوڵـــی زۆریش ســـەریانهەڵدا بـــۆ دانانی مێژووییەکی دژلێك کە مکوڕبوونی خۆی لەســـەر دابڕانەکان و بەربەســـتەکان و لێکجودابوونەوەکان هەبوو، ئێمە ئەوەش دەزانین چۆن فکـــری تەقلیـــدی نەفرەتی دەکردەوە لـــە چەمکەکانی عەتەبەو دابڕان و وەرچەرخان، ئەوەش لە پێناوی بەرجەستەبوونی کاراییانەی پێکهاتەیی خود، هەروەها بۆ پاراستنی چەمکێکی ســـادەی هاوکوف بە شوناســـنامە، یان بۆ هێشـــتنەوەی منی بـــاڵا وەك یەکەیەکـــی ئۆرگانیك، یان هێشـــتنەوەی کەلەپوور وەك تەقلیدو کۆنســـەرڤاتیڤ و پەیامگەرایی، یان هێشتنەوەی مێژوو وەك بەردەوامێتی و یاداشـــت و یادگەیی لە پێوەندییەکان و بەردەوامیەکانـــدا: بەردەوامیدان بە شوناســـنامەو نەمربوونی، بەردەوامیدان بەو چەســـپاوێتیانەی دواتر دەگەڕێینەوە بۆ لایان، بەردەوامیدان بەو زمانەی قسەی پێ دەکەین، بەردەوامیدان بەو بیروڕایانەی وەریاندەگرین، ئـــەم پێوەندیکردنەوەیە بەردەوامە بە خودەوەو ڕێی سەرفرازی دەدۆزێتەوە بۆ گەیشتن بە ئاگربەس و یەقین و ئاشتبوونەوەو ئارامبوونەوەو خاوکردنەوەی فکریی..

تـــا دەگاتە لێکجیابوونەوە لەو تەقلیدە فکرییەی پێشـــان، یان جیابوونـــەوە لە ناواخنی فکری تەقلیـــدی، دواتر مۆدێرنە هاتە ئاراوە تا شـــکۆ بگێڕێتەوە بۆ چەمکی دابڕان و لێکجیابوونەوە، نەك تەنیا وەك چەمکێکی ئەبستمۆلۆژی، نەك وەك ئامرازێکی لۆژیکـــی رێکخەری مێژووی ئەفـــکارەکان، نەك وەك چەمك و فکرێکی پۆزەتیڤ بەڵکو وەك چەشنێك بۆ وجود و بوون، تا روون بێتـــەوە کە چنراوێتی وجود و بوون بریتییە لە تۆڕێکی تۆکمەی پێوەندییەکان، هیچ شـــتێك چوارپەلەکانی پێکەوە گرێنەداوەتەوە بە یەکترییەوە، هیچ شـــتێك بەشەکانی بە شـــێوەیەکی کۆتایی لێکگرێنەداوەتـــەوە، بـــۆ ئەوەی ئـــەوە روون بێتـــەوە کە هەموو رەقێتییەك پێویستە ببێتە هەڵم..

مۆدێرنە ســـەریهەڵدا تا دووکەرتبوونی ناو ئەو پێگانە کە بە دینگەکانـــی هەر کەڵچەرێك دادەنرێـــن، وەدەربخات، پێگەکانی

پێکەوەگیر و یەکەکانی بێ هاوتان، مەبەستم لە ئاگامەندی و یادوەری و شوناسە، ئەمە بە تەبیعەتی حاڵ ناکاتە ئەوەی بڵێین مۆدێرنە بریتییە لە رەتکردنەوەی تەواوی مێژوو، یان سڕینەوەی هەموو یادگە، یان داماڵین و وردوخاشبوونی شوناس، بەڵکو ئامانج لە چەسپاندنی دابڕان، گەیشتن نییە بەو ئاستەی چیتر نەتوانین هەموو هۆگربوون و یەکبوونێك بسەلمێنین، ناشتوانین بڵێین من یان ئێمە، ئامانج لێی نە راوەستانە لەسەر هەمەجۆرێتیەکی هەستیار، نە وەستانیشە بە تەنیا لەسەر جیاوازی گریمانکراوەی تاقیکراوەکان، نە رەتکردنەوەی رەچەڵەکی مێژووییمانە، نە بەرپەرچدانەوەی هەستکردنمانە بە جیاوازی ئەو شتانەی کە هی خۆمان نییە، ئامانجەکە دامەزرانەوەی مێژوویەکی ترە، کە خۆمانی پێوە نالکێنین تا نەمرێتی ناخمانی تیا لە ئامێزبگرین، بەڵکو هەوڵ دەدەین تا بتوانین نەفسی فانی ناو رۆحمان زیندوو بکەینەوە بە پێی دەربڕینی نیچە،یان بۆچی نەڵێین ئامانجەکە ئەوەیە بگەینە ئەو ئاستەی بەهایەکی گەورە بۆ ئاشکرابوونی منی باڵا یان دەرخستنی شوناس نەهێڵین یان هەمەجۆریی بە تەنیایی نەگۆڕینەوە..

بەم شێوەیە دابڕان وای لێ دێت تاکڕەوێتی تێیدا بەرانبەر هێزی فرەیی لاواز بێت، تەنیایی بوون تێیدا لە بەرانبەر بەرینایی هەمەجۆریدا تەسك بێت، یان پشت بەستن بە منی باڵا تێیدا لە بەرانبەر دەوڵەمەندێتی ئەوی دیکەدا هەژار بێت، یان گۆشەگیربوون بە زات لە بەرانبەر کرانەوەی ئاسۆ چەقبەستوو بێت، یان خۆخواردنەوە بەرانبەر ناکۆتایی بوونی رەهەندە گریمانکراوەکان هەمیشەیی بێت، یان سەقامگیربوون لە پێگەو مەقامێکدا بەرانبەر خۆشگوزەرانی گواستنەوە بێتەوە، یان پشتبەستن بە ئێستای کەمکێش لە بەرانبەر چڕێتی زەمەن لار بێتەوە.

لەوانەیە مۆدێرنە لە ئەنجامدا ئاگامەندییەك بێت بەم بزاوتە پچڕ پچڕەی یادگەو ئاوەزوو ناسنامەو شوناس، رەنگە تەنیا ئەو بارە سەنگینە بێت کە لە دابڕاندا نمایشکاریی خۆی تێدا بزر بکات و لە ناخەوەی بووندا ئەو بارە خۆی ببینێتەوە، کە بووەتە چنراوی زیندەبۆو گۆشتەکەی..

کەواتە نوێکردنەوە، تازەگەری نییە، تازەگەری چەمکێکی دەرەکییانەی لە دابڕاندا هەیە، هەر کاژ فڕێدانێکی نوێیە لە کۆنەکەوە، بەڵام نوێگەری یان نوێکردنەوە دیاردەیەکی تاك وتەنیایە کە وا لە دابڕان دەکات ببێتە خەسڵەتێ بۆ زیندەبۆ، لە مۆدێرنەدا دابڕان بریتی نییە لە پێوەندی نێوان دوو جەمسەر، یان دوو فاکتەر، یان دوو قۆناغ، لە پێوەندیدا نامێنێتەوە بەڵکو دەبێتە خەسڵەت، خەسڵەتی تایبەتمەندی مەعریفی، خەسڵەتی تایبەتمەندی کۆمەڵگە، خەسڵەتی تایبەتمەندی تێکست یان خەسڵەتی تایبەتمەندی زیندەبۆ، ئەمە وا لە زیندەبۆ دەکات لە زاتی خۆی هەڵبێت، وا لە زیندەبۆ دەکات لە زەمەندا شیببێتەوە، مۆدێرنە بە تەنیا ئیسپات کردنەوەی گواستنەوەیەك نییە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، تەنانەت ئیسپات کردنەوەی وەرچەرخانە مەزنەکانی بوارە هەمەچەشنەکانیش نییە، بەڵکو ئاگادار بوونە لەوەی زیندەبۆ وەرچەرخاوە، ئەم وەرچەرخانە ئەمڕۆ هێزێکی ئەوتۆی وایە کە رێگرە لەوەی لە ناسنامەیەکی رۆشنگەری بدوێین، تەنیا کاتێ دەتوانین لەسەری بدوێین کە ئەو ناسنامەیە لە ناواخنی زاتی خۆی بێتە دەرەوەو لەگەڵ هاودژوموخالیفەکانی خۆیدا هاوبارگە بوو بێتەوە، پێگەیەکی نوێی لە فەزایەکی رۆشنگەری تازەدا بۆ خۆی دۆزیبێتەوە، جیهانێك کە پێشترو پێش ئێستا بوونی نەبوو بێت..

لە پێناوی ئەوەدا پێویستە دوو تێگەیشتن لە یەکتر جودا بکەینەوە: چەمکێکی وەزعیی کە دوابڕاوانە قۆناغێك لە قۆناغێکی تر لێکجودا دەکاتەوە، هەروەها هۆکارێك لە هۆکارێکی تر لێکدادەبڕێت وەك چۆن خاوەنەکانی تێرمی ئەبستمۆلۆژی و مێژووی زانستەکان لێی دەدوێن و دەشڵێن ئیشکالیەتێك لە ئیشکالیەتێکی تر جیا دەکاتەوە.

چەمکێکی تر دەیەوێت پێچەوانە بێت و وا لە دابڕان بکات بە تەواوی و بە هەمیشەیی دایپچڕێنێت، لەبەرئەوەی لە رەتکردنەوەی ئامادەگی دەردەچێت، بە پێی ئەو واتایە بێت ناواخنی دابڕان لە جیاکردنەوەدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لە ناکۆتایی بوونی جیاکردنەوەو ناسنووردار بوونییەتی، دابڕان چارەسەری ئێستاکێی نییە بۆ ئەوانەی پێش خۆی، بەڵکو جیاکردنەوەیەکی ناکۆتاییەو بزاوتێکی بەردەوامی هەمیشەییە، کەواتە دابڕان لێکجوداکردنەوەی دوو ئامادەگی نییە هەروەها لێکجوداکردنەوەی دوو ئامادەبووش نییە، بەڵکو خەلخەلەیەکی ئامادەگی خۆیەتی، ناتەناهی بوونی ناوەکییانەی زیندەبۆیە..

ئەم سروشە ناتەناهییەی لێکجوداکردنەوە دەمانخاتە بەردەم چەمکی وەرزییانەی زەمەنییەوە، وا لە لکەکان دەکات خۆیان هەڵبواسنەوە بە بنەچەکانەوە، دابڕان وا لێ دەکات بە تەنیا سەرلەنوێ گرێدانەوە نەبێت، بە شێوەیەك نەبێت کە دەسەوسان بین لەبەردەم سەرلەنوێ دۆزینەوەی رابردوو ،تەنیا بەو شێوەیە نەبێت کە ئێمە بتوانین پەتکی ناوکی لێ ببڕین وەك بڕینی پەتکی ناوکی کۆرپەلە، کاتێ لە دایکی دەبێتەوە ئەم لێکپچڕانە ئەوە ناگەیەنێت کە بۆ هەمیشەیی لێی دادەبڕێت بەڵکو ئەوە پرۆسەیەکە وا لە کۆرپەلە دەکات بە هۆیەوە گرێبدرێتەوە بە دایکیەوە، لە رێگەی پەتك بڕین و لێکجوداکردنەوەیەوە، ئەو پڕۆسەیەشە کە بە هۆیەوە دەتوانین پێوەندییەکی جوداو جیاواز لە رابردووەوە ببەستینەوە بە داهاتووەوە، بە هۆیەوە رابردوو زیندو دەبێتەوەو نوێبوونەوەش یەکێك دەبێت لە هەلومەرجەکانی رەسەنایەتی..

کەواتە رەسەنایەتی بریتی نییە لە تەقلیدکردنەوە، تەقلیدیش تەنیا بریتی نییە لە ناوەڕۆك و فیکرەکانی هەمان هەڵوێستەکانی پێشین، بەڵکو بریتییە لە هەڵوێستێکی دژلێك بۆ نوێکردنەوە، واتە ئەو هەڵوێستەی دابڕان بە هۆیەوە دەبێتە کارێکی لاوەکی، بەڵام رەسەنایەتی گۆڕینەوەی تەقلیدێك نییە بە تەقلیدێکی دیکە، وەك چۆن تازەگەری بریتی نییە لە کۆپیکردنەوەی کۆمەڵە مۆدێلێکی هێنراو، بەو شێوەیەش رەسەنایەتی دووپات کردنەوەی تەقلیدەکە نییە بەڵکو رەسەنایەتی وەك چۆن لە زانستی مێژوو لێی دەدوێن ئەوەیە کە چرکەساتێك بکەینە بنکەی دەرچوونمان تا مێژووی دەوروبەرمان رێکبخەینەوە، پابەندبوونەوەیە بە رەسەنایەتیەکانەوە لە رێی لێکجودابوونەوەیانەوە، دواجار بریتییە لە دەسپێکی تازەو لەدایکبوونێکی وا کە شوناس و ناسنامەش دەکاتە بزاوتێکی ناموتەناهی بۆ لە ئامێزنان و دوورخستنەوە، وا لە ئەوی تر دەکات بوارێکی کراوە بێت بۆ جیاوازبوون و پێکەوە دیتن، وا لە یادگەش دەکات لە ئێستایدا زۆر دوور بکەوێتەوە تا دەگاتەوە بە داهاتوویەك کە وەڵامی رابردوو بداتەوە..

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**

**رەسەنایەتی وا لە ئەوی تر دەکات بوارێکی کراوە بێت بۆ جیاوازبوون یان پێکەوە دیتن، وا لە یادگەش دەکات لە ئێستایدا زۆر دوور بکەوێتەوە، تا ئەو ئاستەی دەگاتەوە بە داهاتوویەک کە وەڵامی رابردوو بداتەوە**

**مۆدێرنە بە تەنیا ئیسپات کردنەوەی گواستنەوەیەک نییە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، تەنانەت ئیسپات کردنەوەی وەرچەرخانە مەزنەکانی بوارە هەمەچەشنەکانیش نییە، بەڵکو ئاگادار بوونە لەوەی زیندەبۆ وەرچەرخاوە**

## ممتازەر تۆرکن بۆ گوڵان:

# پێش ئەوەی بەگۆڕینی دەستوور چارەسەری کێشەی کورد بکەین دەتوانین بە ئیرادەی پێکەوەژیان چارەسەری بۆ بدۆزینەوە



پرۆفیسۆر ممتازەر تۆرکن هەم ئەکادیمیەو هەم رۆژنامەنووس و یەکێکە لە ستوونووسە دیارەکانی رۆژنامەکانی تورکیا بە تایبەتی تودەی زەمان و مامۆستای زانکۆ لە هەردوو زانکۆی غازی و فاتیح، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشە دێرینە، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر ممتازە تۆرکن ئەنجامداوە.

*** ئێوە یەکێکن لەو ئەکادیمیانەی کە بایەخێکی زۆر بە چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا دەدەن، ئایا چۆن سەیری پرۆسەی ئاشتی ئێستای تورکیا لەگەڵ کورد دەکەن، بەتایبەتی کە پەکەکە وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی بۆ ئەم پرۆسەیە هەیە؟**

- بارودۆخی ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی کە کوردی سوریا ئێستا لە بارودۆخێکی دیکەدان، بۆیە لەبەر رۆشنایی ئەم هەلومەرجە تازەیە و هەڵسەنگاندنی جیاواز لە پێشتر بۆ پرسەکان لەلایەن پەکەکەوە، ئەوا وەك دەبینین پەکەکە بەرەو گۆڕانکارییەکی ستراتیژی بە شێوەیەکی گشتی هەنگاوی هەڵگرتووە، ئەم ستراتیژە نوێیەی پەکەکەش لەگەڵ ویستەکانی تورکیادا دەگونجێن، بۆیە تورکیا و پەکەکە گەیشتنە لێکتێگەیشتن و پێکهاتن، هەروەها لەم بارودۆخەدا هەرێمی کوردستان و کوردی سوریا و کوردی تورکیا، پێویستە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کورد لە پێشەوە دابنێن، بۆیە بەتێڕوانینی من پەکەکە بەپێی ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانە ستراتیژیی خۆی گۆڕی، لەبەر ئەوە پرۆسەکە بەشێوەیەکی تەندروست بەرەو پێشەوە دەچێت.

*** هەموولایەك پێشوازی لەم پێکهاتنەی پەکەکە و تورکیا دەکات وەك چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد لەو وڵاتە، بەڵام هەندێك لەناو تورکیا دەڵێن چارەسەری کێشەی کورد پەیوەستە بە گۆڕینی دەستووری تورکیا، ئایا تۆ لەمبارەوە رەوتی چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا چۆن دەبینیت؟**

- پێش ئەوەی چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا بە دەستوورەوە گرێبدرێتەوە، بە بۆچوونی من چارەسەری ئەم کێشەیە پەیوەستە بەئیرادەی خەڵکی تورکیا بەوەی پشتگیری لە چارەسەری ئاشتیانە بکەن، بۆیە پرسێکی وەك پرسی کورد بە دەستوور شرۆڤە ناکرێت، بەڵکو بە بڕیار و ئیرادەی خەڵك چارەسەر دەکرێت، ئەوەی من دەیبینم لە ئێستادا ئەوەیە خەڵکی تورکیا ئیرادەی بە ئاراستەی ئەوەیە کە پێکەوە بژین، بۆیە بە تەئکید ئەم ئیرادەیە ئەگەر بەردەوام بێت چارەیەك بۆ ئەم کێشەیە دەدۆزرێتەوە، ئەگەر بێینە سەر دەستووریش من بڕوام وایە کە دەتوانین دەستوورێك دابنێین کە رەنگدانەوەی ئیرادەی هاوبەشی تێڕوانینی کۆمەڵگەی تورکی و کوردی بێت. رێگەو شێوەی ئەمەش دیارە، دەستوور دەبێ بە یاسایەك فۆرمەلە بکرێت و بنووسرێتەوە کە هەموو هاووڵاتیەك بتوانێت خۆی لەناویدا بدۆزێتەوە. بەڕای من بە وەرگرتنی بۆچوون و رازی بوونی کورد، دەتوانرێت دەستوورێك دابڕێژرێت و کاری پێبکرێت کە ببێتە سیمبۆلی ئاشتی و تەبایی لە وڵاتدا.

*** زۆر گوێمان لە ناوەندەکانی تورکیا دەبێت کە مەسەلەی پەکەکە وەك مەسەلەی تیرۆر سەیر دەکرێت نەك مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەیەك، ئایا بەبڕوای تۆ دەکرێت ئەم کێشەیە لێك جیابکرێتەوە؟**

- ئەگەر کێشەی کورد نەبوایە کوشتار و توندوتیژی نەدەبوو، بۆیە ئەگەر کێشەی کورد نەبوایە، ئەو کێشەش نەدەبوو کەپێی دەڵێن تیرۆر، بەڵام لە ئێستادا حکومەتی تورکیا تەنیا وەکو کێشەی تیرۆر سەیری کێشەکە ناکات، هەر لەبەر ئەوەشە کە دەتوانێت چارەسەری بکات. هەموولایەك گەیشتوونەتە قەناعەت بەوەی بەڵێ لەتورکیا کێشەیەکی بنەڕەتی هەیە کە ئەویش کێشەی کوردە، ئەو کێشەیە لەساڵی ٢٠٠٩ بەچەند بڕیارێکی حکومەت هەنگاوی باشی بۆ هەڵگیرا، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٩ پاشەکشە بەو بڕیارانەوە دیارە، بەڵام کێشەی کورد لەئێستادا، کێشەیەکە ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێت، لەمەودواش ئەو هەنگاوانەی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە هەڵدەگیرێن بەردەوامیی هەنگاوەکانی پێشوو دەبن و بە یاساو بە دەستوور، هەموو مافێکی تاکەکان دەدرێت و بە مافی خوێندن بە زمانی دایکیشەوە هیچ کێشەیەك لە دواوە ناهێڵێتەوە و ئەو مەسەلەیە چارەسەر دەکات.

*** لەم پرۆسەیەدا هەرێمی کوردستان زۆر مەبەستی بوو کە کێشەی کوردی تورکیا بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، تاچەند ئەم هەوڵانەی هەرێمی کوردستان کاریگەرییان لەسەر ئەم پرۆسەیە هەبووە؟**

- هەرێمی کوردستانی عێراق و بەتایبەتی خودی سەرۆك بارزانی و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەوڵ و کۆششێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا سەربگرێت، ئەمەش لەو بیروبۆچوونەوەی بەڕێز بارزانییەوەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا، ئەو بۆچوونەش زۆر راستە، ئەم بیروبۆچوونە لەلایەن بارزانییەوە لە هەرێمی کوردستان بووە سیاسەتێك و پیادەکرا، ئەوەش بریتی بوو لە پاراستنی ئاسایش و پاراستنی بەرژەوەندیی کورد لەتورکیا بەرێگەی ئاشتی و پێکهاتن، لەسەر بنەمای ئەم بیروبۆچوونە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەنگاوی زۆر گرنگی هەڵگرت بە ئاراستەی ئەوەی کورد و تورك خاوەنی بەرژەوەندیی هاوبەشن و پێویستە پێکەوە هەنگاوی هاوبەش هەڵبگرن بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان و بگەنە ئەو قەناعەتەی ئەوەی زیان بەکورد بگەیەنێت زیان بە تورکیش دەگەیەنێت و ئەوەی زیان بە تورك بگەیەنێت زیان بە کوردیش دەگەیەنێت. حکومەتی ئەمڕۆی تورکیا بەسەرۆکایەتیی ئەردۆگان لە هەقیقەتی ئەم راستییە تێگەیشت بۆیە هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی بەرەو پێشەوە چوو، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی هەوڵەکانی هەولێر و ئەنکەرە پێکەوە ئاکامی باش بەدەست بهێنن، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا هەرێمی کوردستان رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە ئەو هەوڵەش جێگەی رێز و تەقدیرە.

*** بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا، ئایا کێ دەبێتە هاوبەش لەگەڵ حکومەتی تورکیا؟**

- بەرای من تورکیا ناتوانێ پارتنەر دەستنیشان بکات، بەڵکو کوردەکانی تورکیا دەستنیشانی دەکەن. ئەگەر چەك نەبێ و جموجۆڵ نەبێ، سیاسەتی کوردی دەبێتە سیاسەتێکی زۆرینە و نوێنەرایەتییەکی پاك دەکات. بەڵێ جگە لە کوردی PKK، کوردێکی زۆر هەیە لە ناوچەکەدا. ئەگەر خوێن رشتن نەبێت لە ناوچەکە ئەوانیش بە نوێنەرە دیموکراتییەکانیان، نوێنەرایەتیی بەرژەوەندی بیروبۆچوونەکان و سیاسەتی خۆیان دەکەن. بۆ ئەوەش دەبێ هەندێك کاتی بەسەردا تێپەڕێت. ئەمڕۆ دەبینین تازە شەڕ وەستاوە و تازە زەمینەی سیاسەتی دیموکراسی و سیاسەتی مەدەنی ئامادە دەبێت. لەم بابەتە دەبێت هەلێك بدرێت بە کورد. من باش دەزانم کە کورد زۆر باش لە سیاسەت دەزانن و زۆر لە نزیکەوە ئاگایان لێیەتی، بۆیە لەم بابەتە هیچ هەڵەیەك ناکەن. ئەگەر شەڕ نەبێت و چەك نەبێت، کورد نوێنەرایەتیی دیموکراتیی خۆیان و نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە باشترین شێوە ئەنجام دەدەن.

**پاراستنی ئاسایش و پاراستنی بەرژەوەندیی کورد لەتورکیا بەرێگەی ئاشتی و پێکهاتن ئەم بیروبۆچوونە لەلایەن بارزانییەوە لە هەرێمی کوردستان بووە سیاسەتێك و پیادەکرا**

**نێچیرڤان بارزانی هەنگاوی زۆر گرنگی هەڵگرت بە ئاراستەی ئەوەی کورد و تورك خاوەنی بەرژەوەندیی هاوبەشن و پێویستە پێکەوە هەنگاوی هاوبەش هەڵبگرن بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان**

# ئایا سەدەی بیست و یەک سەدەی کوردانە؟!



ئازا حەسیب قەرەداخی
دوو هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت

قسەوباسی زۆر دەبیستین لەبارەی ئەوەوە کە ئەم سەدەیەی تێیداین سەدەی چارەسەری دۆزی کوردە و ناوی دەنێن بە سەدەی کوردان.

سەدەی رابردوو سەدەی دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی زۆرەملێیانەی بوو بە چوار دەوڵەتی ناوچەکەوە کە هەر یەکەیان بەپێی پێوەرە مرۆیی و ئابووری و سیاسییەکان بوونە داگیرکەری کوردستان. کوردستانیش بووە کۆلۆنیالیکراوێکی ناوچەیی لە نێوانی چوار دەوڵەتدا کە حکومەتە جیاجیاکانیان و نەتەوە سەردەستەکان تا رادەی راگواستنی بە کۆمەڵ و کۆمەڵکوژی و کیمیابارانکردن و ئەنفالکردن و سڕینەوەی ناسنامە و لەناوبردن و قەدەغەکردنی زمان و کولتوور، زوڵمیان لە گەلەکەی کردووە.

بە واتایەکی دیکە سەدەی بیست، سەدەی هەموو ئەو هەوڵانە بوو کە بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی کورد و کوردستان دراون. وەلێ هەندێ ئاماژە و پێدراو لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا دەرکەوتوون وەها نیشان دەدەن کە ئەو هەوڵانە روویان لە شکست کردبێ و کورد و کوردستانیش روویان لە سەرهەڵدانەوە و بووژانەوە کردبێ. بۆ نموونە (ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستانی عێراق، دانشان بە کێشەی کورد لە تورکیا و دەستپێکی پرۆسەی ئاشتەوایی، سەرهەڵدان و دەرکەوتنی رەوایەتی دۆزی کورد لە سوریا، لا کردنەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە دۆزی کورد لە ئێران).

پرسیاری سەرەکی ئەم وتارە لێرەوە سەرهەڵدەدات کە ئاخۆ ئەم ئاماژانە بەشی ئەوە دەکەن ببنە فاکتەری پێشبینی کردنی ئەوەی کە سەدەی بیست و یەك سەدەی کوردان دەبێ؟!

ئایا دۆزی کورد و چارەسەرکردنی کێشەی خاك و میللەت و قەوارەی سیاسی سەربەخۆ، لە ئەجندای نێودەوڵەتی و پەیوەست بە ئەجندای ناوچەیی، هاتۆتە پلەی یەکەم یان سەرلیستی وەرگرتووە تا ئەو پێشبینییە قبووڵ بکەین کە بەڵێ سەدەی بیست و یەك سەدەی کوردانە؟!

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە لێکۆڵینەوە و وردبینی زۆری گەرەکە و لە وتارێکی وەها کورتدا جێی نابێتەوە. بەڵام لە یەك ئاماژەوە هەوڵ دەدەم بگەم بە وەڵامێك.

**ململانێ و پێکدادان**

هەمیشە مەیل و خواستی زاڵ بوون بەسەر شتگەلێکی وەکو زەوی و سامانی سروشتی، خەڵك و سامانی مرۆیی، هێز و توانا جۆراوجۆرەکان، پێگەی جوگرافی هۆکاری ململانێ و پێکدادانی نێوان دەوڵەتان یان کۆمەڵەکان بووە.

ئەم پێناسە نەرێتییە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا پەرەی سەند و وردتر بۆوە تا پەلی کێشا بۆ ئەو رادەیە کە بگووترێ ململانێ یان پێکدادان بریتییە لە توانای سەپاندنی رایەك یان کولتوورێکی تایبەتی دەوڵەتێك یان کۆمەڵگایەك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی بەسەر دەوڵەت یان کۆمەڵگا یان گروپی دیکەدا، چ بە شێواز و رێکاری نەرم یان بە هێز و زۆرەملێ.

ململانێ و پێکدادانی نێوان قەوارە مرۆیی و سیاسی و دەوڵەتییەکان، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەر هەبووە.

بیرمەندان و فەیلەسووفان و کۆمەڵناسان و سیاسەتزانان و یاساناسان زۆریان لە بارەی ململانێ یان پێکدادانەوە نووسیوە. لە پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی هۆکار و دەرەنجامەکانیدا کۆك و ناکۆك بوون و قوتابخانەی فیکری و تیۆری پێکجیاوازیان چێ کردووە، دەرەنجام ئەمانیش لەناو خۆیاندا دابەشبوون بەسەر بەرە پێکناکۆکەکانی ململانێکاندا و کەوتوونەتە ململانێی یەکتر و بەیەکیاندا داوە.

**پێکدادانی شارستانییەکان**

لەوانەیە دوا تیۆری لەم بارەیەوە ئەوەی «ساموئیل هەنتگتۆن» بێ کە تایتڵە سەرەکییەکەی « پێکدادانی شارستانییەکان»ـە.

هەنتگتۆن، ساڵی ١٩٩٢ لەسەرینی گۆڕانکارییەکانی جیهان و دەرکەوتنی کۆتاییەکانی بلۆکی رۆژهەڵاتی سەر بەسۆڤێت و جەنگی ساردی نێوان ئەوان و بلۆکی خۆرئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا، وتارێکی هەر بەو ناونیشانە بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٩٦ لە ئەنجامی پەرەپێدانی ئەو وتارە و لەبەر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیانەی ئەو وتارە وروژاندنی، کتێبێکی بە

ناونیشانی (پێکدادانی شارستانییەکان و سەرلەنوێ دارشتنەوەی سستمی جیهانیی) بە چاپ گەیاند و بڵاوی کردەوە.

پوختەی بیروبۆچوون و تێزەکەی لەم کتێبەیدا ئەوەیە کە شارستانییەکان شوناسی کولتووریی و ئاینییان هەیە و ئەو خەڵکانەیش کە ئینتیمایان بۆ ئەو شارستانییانە هەیە دەمارگیرن بۆ شارستانییەکەیان و لە قۆناغی دوای شەڕی ساردا، ئەو دەمارگیرییە بۆ جیاوازی و ناکۆکی نێوان شوناسی کولتووریی و ئایینی، سەرچاوەی سەرەکی پێکدادان و ململانێ دەبن و لەسەر ئەو بناغەیەش سەرلەنوێ سستمی جیهانی دادەڕێژرێتەوە.

ئاماژەکانی تیۆرییەکەی هنتگتۆن ئەوەن کە جیهانی شەڕی سارد جیهانی دابەشبوو بوو بۆ دوو جەمسەری ئایدیۆلۆژی پێکناکۆك، بەڵام جیهانی دوای شەڕی سارد، جیهانێکی فرەجەمسەرە، چونکە فرەشارستانییە. مەبەستیشی ئەو شارستانیانەیە کە جیهانیان پێکهێناوە و بریتین لە شارستانییەکانی «چینی، ژاپۆنی، هندی، ئیسلامی، رۆژئاوایی، ئارتۆدۆکسی، ئەفریکایی و ئەمریکای لاتینی». ئەو پێدراوە یان فاکتەرەی پەیوەندی نێوان ئەم شارستانیانە بەڕێوە دەبات «پێکدادان»ە. بنەما و سەرچاوەی پێکدادانەکەیش کولتوور یان ئەو شوناسەیە کە هەر یەکێك لەم شارستانیانە بەڕێوە دەبات و خەڵکەکەی پابەند پێوەی و ئینتیمایەکی دەمارگیرانەیان بۆی هەیە.

لەسەرینی ئەمەوەیە کە هەنتگتۆن نووسیویەتی: (کولتوور یان شوناسی کولتووریی کە بەگشتی شوناسی شارستانین، جۆری پێکەوەیی و لەبەریەکهەڵوەشان و ململانێ و پێکدادان لە جیهانی پاش شەڕی سارد دروست دەکەن).

**سەرەتاکانی ئەو پێکدادانە**

دروشم و بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دژی سیاسەتی ئەمریکا و رۆژئاوا و شێوازی ژیان و کولتوور و چەمکە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا کە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و لە وڵاتانی ئیسلامییەوە بەتایبەتی، لە کۆتاییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا، بەرزکرانەوە و لەژێر ئەو پەرچەمەدا چالاکی جۆراوجۆری سیاسی و تەنانەت سەربازیش کران، ئاماژە سەرەتاییەکانی دەرکەوتنی ئەو پێکدادانە بوو کە پێشبینی دەکرا لەنێوانی شارستانی ئیسلامی و رۆژئاوادا روو بدات.

خۆ پێشتر ئەم ناکۆکی و جیاوازییە کولتوورییانە هەر هەبوون، بەڵام لەژێر هەژموونی شەڕی سارد و بەرژەوەندیی هاوبەشی رۆژئاوا و وڵاتان و کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا لە دژی سۆڤێت و بلۆکی رۆژهەڵات، شاردرابوونە و خرابوونە خانەی دژایەتی کردنی کوفر و ئیلحاد.

کە باڵوێزخانەکانی ئەمریکا لە نایروبی و داروسەلام تەقێنرانەوە و سوپای ئەمریکا لە سومالْ دەرکرا و گروپە چەکدارە ئیسلامییەکان و بەتایبەتیش ئەوانەیان کە مەرجەعیان عەرەب ئەفغانەکانی وەکو ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری بوون، بەرپرسیارێتی خۆیان لەم کارانە راگەیاند و دواتر رێکخراوی ئەلقاعیدەیان دامەزراندو بەرنامەکەیشیان بە ئاشکرا دژایەتی ئەمریکا و رۆژئاوا و هەموو بەرژەوەندییەکانیان بوو لە سەرانسەری جیهاندا، ئیتر سەروسیمای ئەو پێکدادانە نوێیە لە نێوانی شارستانی رۆژئاوا و شارستانی ئیسلامدا دەرکەوت و لە تەقاندنەوەی تاوەرەکانی نیویۆرکدا بە یەکجاری پێکهاتەی هەر دوو بەرەکە تەواو دەرکەوت.

**نەزانینی ئەمریکا و رۆژئاوا**

ئەمریکا و رۆژئاوا قەوارەی ئەو پێکهاتەیان لەناو کۆمەڵگاکانی ئیسلامیدا نەدەزانی چەندە. لەمەدا جگە لە نەزانین و نەخوێندنەوەی پێدراوە کولتووری و فیکری و نەریتییەکانی ئەم کۆمەڵگا ئیسلامییانە لەلایەن خۆیانەوە، هەروەها خەتای حوکمڕانانی ئەم وڵاتانەی تێدا بوو کە بە حوکمی پەیوەستی و پاشکۆیی خۆیان بە رۆژئاواوە، ئەم قەوارەیان تەنیا لە رێکخراوی قاعیدە و هەندێ گروپی بچووکی تیرۆریستیدا بە رۆژئاوا ناساندبوو، کە لەناوبردنیان بریتییە لە کردارێکی ئەمنی و سەربازیی کورتخایەن. کەچی لە راستیدا ئەو قەوارەیە بریتی بوو لە پێکهاتەیەکی بنچینەیی کە لە کولتوور و شوناسی کۆمەڵگای ئیسلامیدا هەیە و دژی کولتووری سیاسی و یاسایی و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی رۆژئاوایە بەگشتی و هەمیشە ئامادەیە پێیدا بکێشێ.

لەسەر بنەمای پشتگوێخستنی تیۆرییەکەی هەنتگتۆن و نەزانینی راستی ئەو قەوارەیە وەکو پێکهاتەیەکی بنچینەیی لە بونیادی کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، ئەمریکا و رۆژئاوا لەشکرکێشیان بۆ سەر ئەفغانستان کرد و پاشان هاتنە ناو عێراقەوە و لە هەردووکیاندا ئامانجە ئاسانەکەیان نەپێکا کە لەناوبردنی رێکخراوی قاعیدە بوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە تا سەروو ئەژنۆیان لە قوڕو لیتەی ئەم دوو وڵاتەدا چەقی و قوربانیی زۆری مرۆیی و ماددیان دا.

دوای ئەو دوو ئەزموونە ئینجا تێگەیشتن کە ئەم شەڕە سەربازی و ئەمنی نییە، بەڵکو قسەکەی هنتگتۆن دروستە کە ئەم شەڕە پێکدادانی دوو شارستانییە، دوو کولتوور و دوو شوناسی پێك ناکۆکە.

**هەڵەیەکی دیکە**

بۆ چارەسەرکردنی ئەوەی ماوە لە دارشتنەوەی سستمی جیهانیدا بە گوێرەی ئەم ناوچەیە، رێیەکی دیکەیان گرتەبەر ئەویش رووخاندنی رژێمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەیە بۆئەوەی رێگا بکرێتەوە لەبەردەم دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات و سستمی سیاسیدا.

لەمەیشدا دیسانەوە بە قسەی هەنتگتۆنیان نەکرد کە لە کتێبیکیدا بە ناونیشانی «سستمی سیاسی لە کۆمەڵگا ئینتیقالییەکاندا» دەڵێ، ناکرێ و نابێ بە زۆری سەربازیی دیموکراسی رۆژئاوا بسەپێنرێ بەسەر کۆمەڵگا ئینتیقالییەکاندا. دەرەنجام ئەو هەموو قوربانییە لە میسر و تونس و یەمەن و لیبیا درا و دەسەڵاتیش کەوتە دەست ئەو هێزانەی ئەنتی دیموکراسی و ئازادین.

کاتێ ئەمریکا و رۆژئاوا بە هۆش خۆیان هاتنەوە و لە تێزەکەی هەنتگتۆن تێگەیشتن کە کار لەکار ترازابوو.

**ئێستا چی دەکەن؟**

پاشی ئەو ئەزموونە خوێناوییانە و بەتایبەتیش ئەوەی لە ئەفغانستان و عێراق روویاندا و لە میسر و تونس و یەمەن رووەکەی دیکەیان روویدا، ئەمریکا و رۆژئاوا زانیان بەڵێ ململانێ و پێکدادانێك لە نێوانی شارستانیی رۆژئاوا و شارستانی ئیسلامیدا هەیە. جا پێش ئەوەی هەڵکشێ بۆ ترۆپك و تەشەنەکردنی بۆ هەموو ئاستەکانی ژیان لە ناوچەکەدا کە پڕاوپڕە لە بەرژەوەندییەکانیان، پێویستە بە هەر کلۆجێ بووە ئاراستەی ئەم پێکدادانە بە لایەکی دیکەدا ببەن. باشترین بژاردەیش لەبەر دەستیاندا ئەوەبوو کە پێکدادانەکە ئاراستە بکەنەوە بۆ ناو خودی شارستانی ئیسلامی خۆی و بیکەنە پێکدادانی مەزهەبی و ئایینی لەناو خودی کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا.

تا ئێستا ئەمەیان لە عێراق و سوریادا بۆ چۆتەسەر. حاڵی حازر کۆی ململانێ و پێکدادانەکان لەنێوانی کولتوور و شوناسی رۆژئاوا و ئیسلامدا کاڵ بۆتەوە و لە جیاتی ئەوە بە پلەی یەکەم ململانێ و پێکدادانی نێوانی سوننە و شیعە تۆخ بۆتەوە و بە پلەی دووەمیش لە نێوانی سوننە و ئایین و ئاینزاکانی دیکەدا.

**زیانگەیاندن بە پرسی کورد**

ئەم تەحویلە وەهای کردووە کە، پرسی ئاشتی و ئارامی بە پلەی یەکەم لە دامرکاندنەوەی ئەم پێکدادانە مەزهەبی و ئایینیەدا چڕ و تۆخ بێتەوە و پرسی چارەسەری دۆزی کورد وەکو پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەوێتە پلەی دووەمەوە یان لە باشترین حاڵەتیدا بکەوێتە پەراوێزی ئەوەی یەکەمەوە و جار جارە وەکو کارتێك لە تۆخکردنەوە یان کاڵ کردنەوەی ئەو ململانێ سەرەکییەدا بەرز بکرێتەوە.

بەم مانایە هەروەکو چۆن رۆژئاوا لە سەرەتای سەدەی بیستدا هۆکاری سەربەخۆنەبوون و دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردی و دابەشکردنی نیشتمانی کوردان بوو بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا، وا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیشدا دۆزی کوردی لە ناوچەکەدا خستەوە پلەی دووەم و لەناو تەپوتۆزی شەڕ و پێکدادانی مەزهەب و ئایینەکاندا شاردیەوە.

هەرچەندە ئەم لێکدانەوەیە تا رادەیەك لە نائومێدی بەم سەدەیە یان لانی کەم بە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە بە گوێرەی دۆزی کورد دەردەکەوێ، بەڵام تا ئەو جێیە لێمی قبوڵ بکەن و بیدوێنن کە وەڵامێکە بۆ ئەو پرسیارەی کە ئایا سەدەی بیست و یەك سەدەی کوردانە؟!

**هەروەکو چۆن رۆژئاوا لە سەرەتای سەدەی بیستدا هۆکاری سەربەخۆنەبوون و دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردی و دابەشکردنی نیشتمانی کوردان بوو بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا، وا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیشدا دۆزی کوردی لە ناوچەکەدا خستەوە پلەی دووەم و لەناو تەپوتۆزی شەڕ و پێکدادانی مەزهەب و ئایینەکاندا شاردیەوە**

# هەتا جیهان
# وەک بینەر سەیری سوریا بکات
# ئەسەد لە دیمەشق دەمێنێتەوە



لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا و لە وتارێکدا کە رۆژی شەممەی رابردوو رەجەب تەیب ئەرۆدگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە کۆڕێکدا کە دامەزراوەی توێژینەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تورکی (SETA) ئامادەی کردبوو راشکاوانە بە جیهانی راگەیاند: (ئەوەی لە کوشتنی مندالانی سوریا خراپترە، ئەوەیە تەنیا وەك بینەر سەری رژێمی ئەسەد بکەین کە چۆن ئەو خەڵکە قەتلوعام دەکات)، ئەم لێدوانە توندەی ئەرۆدگان دوای ئەو تەقینەوانە دێن کە ماوەیەك لەمەوبەر لە شارێکی تورکیای هاوسنوری سوریا روویداوە و تورکیا دەزگای هەواڵگری سوریای بە ئەنجامدانی ئەم تەقینەوانە تۆمەتبار کرد، ئەم لێدوانەش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە تورکیا بۆ رێگەیەك دەگەڕێت بەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هانبدات و سنورێك بۆ رەفتارەکانی ئەسەد و رژێمەکەی دابنرێت و چیدیکە جیهان تەنیا سەیری ئەسەد نەکات چۆن گەلەکەی قەتلوعام دەکات، لەمەش گرنگتر ئەوەیە رژێمی سوریا دەیەوێت بەدروستکردنی کێشە بۆ دەوڵەتانی دراوسێ و ئیقلیمی ئاراستەی سەیرکردنەکە لەسەر سوریاوە بگوازێتەوە بۆ کێشەیەکی ئیقلیمی، بەڵام تاچەند تورکیا بەکردەیی دەبێتە بەشێك لەم کێشەیە، ئەمەیان هەنگاوەکانی ئایندەی ئەنقەرە وەڵامی دەداتەوە، لەلایەکی دیکە رژێمی ئەسەد لەبەر ئەوەی تەنیا گروپێکی کەمینەی عەلەوی لەگەڵ ماوە، ئەوا لەم رێگەیەوە دەیەوێت کێشەکە بخاتە چوارچێوەی کێشەی نێوان عەلەوی و سوننە و لەسەر ئاستی ناوچەکە شەڕەکە بگۆڕێت بۆ شەڕێکی مەزهەبی ئایینی، سەبارەت بەم لایەنە و مەترسی ئەم ئەگەرە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جۆشۆ لاندیز ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی ئۆکلاهۆما و تایبەتمەند لەسەر پرسی سوریا کرد، ئەویش سەبارەت بەم مەترسیە و بوونی تورکیا بە بەشێك لە کێشەی سوریا بەمجۆرە بۆ گولان رای خۆی خستەڕوو و گووتی: (تەواوی کێشەکە لەلایەك کە خۆی چەند مەترسیدارە، بەڵام ئەگەر ئەم کێشەیە بگۆڕێت بۆ کێشەی مەزهەبی ئایینی، ئەوا کێشە ئاینیەکە مەترسیدارتر دەبێت، لەبەر ئەوەی کاتێك شیعە و سوننەکان زیاتر رق ئەستوور دەبن و بە زەبر و زەنگتر دەبن لەگەڵ یەکدا لە شەڕەکەدا، و کاتێك ئایین پێگەیەکی بنەڕەتی داگیر دەکات لەم شەڕەدا. دەبینین هەردوولا بە توندترین زمانی ئایینی یەکتر دەسڕنەوە. ئەمەش دانیشتوانی عەلەوی تورکیای ترساندووە و ئەوانیش رادەکێشرێنە ئەم شەڕەوە. لە راستیدا بەشێکی ئەم کێشەیە دەستی موخابەراتی سوری تێدایە، کە ئاشکرایە دەیانەوێت ترس بخەنە دڵی تورکەکانەوە.. بۆیە تورکیاش لەم کێشەیەدا ئۆباڵی تەقینەوەکان دەخاتە ئەستۆی ئەو کەسەی ناوی ئوراڵە کە عەلەویە. جێی سەرنجە کە سەرکردەی ئەم گروپە کە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی سەرکردەی عەلەوی ئەم گروپی شەبیحەیەیە، کە لە ساڵی ١٩٨١دا چووە سوریاوە بۆ شاری حەمما، و بە پێی چەند سەرچاوەیەك ئەو کەسەبوو کە چاوپێکەوتنی لە نێوان حافز ئەل ئەسەد و ئۆجەلاندا رێکخست و لە ساڵانی هەشتاکاندا بووە ئەندازیاری سیاسەتی سوریا لە ئاست پەکەکە. ئەو کەسێکی زۆر ناسراو و دیارە، من لەو باوەڕەدام گروپەکەی ئۆرال بەرپرسی سەرەکین لە کوشتاری بانیاس و بەیزا، ئەم پیاوە کە ناوی تەواوی میعراج ئۆراڵە لەگەڵ یەکێك لە سکرتێرەکانی حافز ئەسەد هاوسەرگیری کردووە بۆتە کەسێکی نزیك لە رژێمەکەی ئەسەد، لەم چوارچێوەیەدا تورکیا پێی خۆش بێت یان نە، بەشێکە لەم کێشەیە لە رێی رێکخستن و مەشقپێکردنی موعارەزەی سوریەوە بۆتە بەشێکی ئەم کێشەیە، هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە تورکیا سنوری بە رووی چەکداراندا کرۆدتەوە بۆ ئەوەی بێن و بچن. و ئاشکرایە سوریا دەیەوێت ئەردۆغان بترسێنێت و وای لێبکات بە خۆیدا بچێتەوە لە بارەی ئەم پشتیوانیەوە. زۆرێك لەوانەی لە بواری سیاسەتدا کار دەکەن پێیانوایە هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەری تورکیا دەدات لەم شەڕەدا، لەبری بەرفراوانبوونی. کەواتە ئێستا ئۆردۆغان لەبەردەم بڕیارێکدایە کە ئایا بەردەوام دەبێت لە پێدانی چەك بە شۆڕشگێڕان بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت یان هەوڵی کەمکردنەوەی دەستێوەردانی خۆی دەدات، و زۆرێك لە شیکەرەوەکان باوەڕیان وایە ئەم دەستێوەردانەی خۆی کەمدەکاتەوە، لەبەر ئەوەی نایەوێت زیان بە پەیوەندیەکانی بگەیەنێت لەگەڵ روسیادا و نیگەرانە لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێراندا، لەبەر ئەوەی سوریا زۆنگاوێکە، ئەمریکاش پتر نیگەرانە لەوەی شۆڕشگێڕان زیاتر و زیاتر دەبنە سەلەفی. لەمەش زیاتر ئاشکرایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتی لە سوریا کردووە و پێدەچێت بڕیاریدابێت کە باشترە سوریەکان خۆیان هاوسەنگیەکی هێز بدۆزنەوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نایەوێت هیچ لایەك براوە بێت و بواریان پێدەدات بۆ ماوەیەکی درێژخایەن شەڕ بکەن. بە دڵنیاییەوە ئەمەش شتێکی زۆر خراپە بۆ سوریا و بۆ خەڵکی سوریا)).


**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نایەوێت هیچ لایەک براوە بێت و بواریان پێدەدات بۆ ماوەیەکی درێژخایەن شەڕ بکەن**

**ئەگەر بمانەوێت چارەسەرێک بۆ کێشەی سوریا بدۆزینەوە، ئەوا پێویستە بگەینە کۆدەنگیەک لە نێوان ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش**

**بە لەبەرچاوگرتنی بوونی لایەنی غەیرە دەوڵەت وەک سوپای سوری ئازاد لەسەر زەوی و لاوازبوونی دەسەڵاتی حکومەتەکەی ئەسەد، ئەوا گەیشتن بە رێککەوتنێکی درێژخایەن لە سوریا وەک موعجیزە دێتەبەرچاو**

## سوریا بۆتە بارێکی قورس بۆ دەوڵەتانی ئیقلیمی

دەوڵەتانی ئیقلیمی و هاوسێی سوریا ئەگەر راستەوخۆش نەبووبنە بەشێك لە کێشەی سوریا، ئەوا بەهۆی دەربەدەربوونی ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیانی سوریا و رەوکردنیان بەرەو دەوڵەتانی دراوسێ، ئەوا کێشەی سوریا بۆتە بارگرانیەك و هەموو کات مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت کە هەڕەشە لە سەقامگیری ناوچەکە بکات، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە حەسەن سەلیم ئۆزترەم تۆژەری ستراتیژی نێودەوڵەتی ئامۆژگای یۆساکی تورکی کرد، ئەویش لەوەڵامدا بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی بۆ گولان دەربڕی: (پێموایە بارودۆخی سوریا ساتەوەختە هەستیارەکانی تێپەڕاندووە. پێدەچێت کێشەکە رەهەندێکی نێودەوڵەتی وەربگرێت لە کاتێکدا کە وڵاتەکە بۆتە مۆڵگەی یاریزانە نێودەوڵەتیەکان کە دەوڵەت نین. لەوەش زیاتر، شەڕەکە کە دوو ساڵی تێپەڕاندووە بۆتەهۆی داخورانی دامەزراوەکان و هەرەسهێنانی ژێرخانی -وڵاتەکە-. پێموایە سوریا لە قۆناغێکدایە، بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاوارانەی روویان کردۆتە ئەردەن و لوبنان و تورکیا، ئەوا بارەکە کەوتۆتە سەر شانی وڵاتە ئیقلیمیەکان. پێدەچێت ئەوە شتێکی حەتمی بێت کە لە ئایندەی نزیکدا ناسەقامگیری لە سنورەکانی سوریاوە بپەڕێتەوە بۆ وڵاتانی دراوسێ. هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پێدەچێت کێشەکە بە بنبەست گەیشتبێت. ئەگەر بمانەوێت چارەسەرێك






جۆشۆ لاندیز بۆ گوڵان:

# لە ڕێی ڕێکخستن و مەشقپێکردنی موعارەزەی سوریەوە تورکیا پێی خۆش بێت یان نە بەشێکە لە کێشەکە



حەسەن سەلیم ئۆزترەم بۆ گوڵان:

# سوریا لە قۆناغێکدایە بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردو

بۆ کێشەی سوریا بدۆزینەوە، ئەوا پێویستە بگەینە کۆدەنگیەك لە نێوان ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش. ئەگەر لە روانگەی رابردووەوە حوکم بدەین، ئەوا پێدەچێت ئەگەری روودانی ئەمە لە ئارادا نەبێت. کۆبوونەوەی ئەم دواییەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆن کێری و هاوشانەکەی سێرگی لافرۆف ئاماژەیە بەوەی لایەنەکان بە دوای چارەسەرێکدا دەگەڕێن لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی دیکەدا، ئەویش وەك بە دواداچوونێك بۆ کۆبوونەوەکەی جنێف. هەرچۆنێك بێت، نەخشە ڕێگایەکی کۆنکرێتی نییە لەلایەن ئەم لایەنانەوە خرابێتەڕوو، جگە لە پلانی کۆکردنەوەی لایەنەکان لە سوریادا. بە لەبەرچاوگرتنی بوونی لایەنی غەیرە دەوڵەت وەك سوپای سوری ئازاد لەسەر زەوی و لاوازبوونی دەسەڵاتی حکومەتەکەی ئەسەد، ئەوا گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی درێژخایەن لە سوریا وەك موعجیزە دێتەبەرچاو. هێڵی سور وەك بەکارهێنانی چەکی کیمیایی پێشێلکراوە. بەڵام پێدەچێت ئیرادەیەکی سیاسی پێگەیشتوو نەبێت کە نەخشەی سەر ئەرزی واقیع بگۆڕێت. بەڵام هەموو کەس دەزانێت ئەگەر لەم شەڕە بەردەوامەوە، دەوڵەتێکی شکستخواردو سەرهەڵبدات، ئەوا کێشەکە لە ئێستا گەورەتر دەبێت و کاریگەری لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەبێت و رەنگە ئاکامی جیهانیشی لێبکەوێتەوە. تا ئەو کاتە هەوڵدەدرێت کێشەکە لە چوارچێوەی سنوری سوریادا قەتیس بکرێت، ئەویش بە پشتیوانیکردنی دارایی وڵاتانی وەك ئەردەن و لوبنان)).

سەبارەت بەو بۆچوونەشی کە پێیوایە تورکیا بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە بەشێك لەکێشەی سوریا بە تایبەتی کە سەرۆك وەزیرانی تورکیا راشکاوانە ئەوەی راگەیاندووە، تەنیا سەیرکردنی رژێمی ئەسەد کە خەڵك دەکوژێت، زۆر لەو رەفتارانە خراپترە کە ئەسەد خەڵکی بێ تاوان قەتل و عام دەکات، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەوە دەخوێنرێتەوە تورکیا پەلکێش بێت بۆ ناو ئەم تەنگژەیە، سەبارەت بەم لایەنەش حەسەن سەلیم ئۆزترەم لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان لەمبارەوە گووتی: (ئەم حاڵەتە بۆ تورکیاش بەهەمان شێوەیە لەبەر ئەوەی تورکیا حاڵی حازر بۆتە بەشێك لە کێشەی سوریا. زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئاوارە لە تورکیادا هەن. و خەڵکانێکی زیاتر کە لە سوریاوە هەڵدێن روودەکەنە تورکیا. لەم رووەوە پردێکی ئۆرگانی لە نێوان تورکیا و سوریادا دروستبووە کە وا دەکات تورکیا کراوە بێت بە رووی مەترسیگەلێکی دیاری کراودا کە لە سوریاوە سەرچاوە دەگرن. تەقینەوەکانی ئەم دواییەی رەیحانە یەکێکە لە نموونەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ساڵی رابردودا تورکیا رووبەڕووی چەند هێرشێکی دیکە بۆوە لە قەیسەری، کلیڤگۆزۆ و غازی ئەنتەب، لەگەڵ بۆردومانی ئاکچەکەلە کە هاووڵاتیانی تورکی تێدا بوونە قوربانی. لەم رووەوە، پێموایە تورکیا هەوڵیداوە خۆی بەدووربگرێت لە شەڕەکە و تا ئێستا هەوڵی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕێگا و شێوازی دیپلۆماسی بگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە تورکیا دەرگای خۆی بە رووی ئەو کەسانەدا دابخات کە لە کاولکاری سوریا هەڵدێن)).

# نان و ئایدیۆلۆژیا لە ئەزموونی میسری ئیخواندا

ئەزموونی هاتنە سەر کاری ئیخوانی موسلمین لە میسر بەشێوەیەکی دیموکراتییانە، بەڵگەیەکی روونە لەسەر ئەوەی کە رۆژهەڵاتی موسڵمان پاش ئەزموونی شۆڕشی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ و ئەزموونی هاتنە سەر کاری پارتی دادو پەرەپێدان لەتورکیا لەساڵی ٢٠٠١، خەریکە لەمیسر مۆدێلی سێیەمی ئیسلامی سیاسی گەڵاڵە دەکا. هیچ کام لە دوو ئەزموونەکەی پێشوو نەیتوانیوە خۆی وەك مۆدێلی نموونەیی پێشکەش بکا، یەکەمیان لەسۆنگە شیعەگەریی رادیکالەوەو دووەمیان لەبەر ئەنگێزە ئەوروپاگەرایی و سکیولاریستە بەهێزەکانی ناو تورکیا. بەڵام ئەزموونی میسر لەسۆنگەی چەند فاکتەرێکەوە دەشێ کاریگەریی قوڵتر لەسەر جغزی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی سیاسی لەمیسر و ناوچەکە بەجێ بێڵێ، بە رەچاوکردنی ئەوەی کە رەنگە ئەزموونی میسر لە ئەزموونی تورکیاوە تا لە ئەزموونی ئێران نزیکتر بێ.

لەسیستمی سیاسیی ئێراندا ئەنگێزە ئاینییەکان روونتر خۆیان دەنوێنن، لەکاتێکدا ئەو ئەنگێزانە لەسیستمی سیاسیی تورکیادا نەیانتوانیوە، بەقەد ئەوەی کەئیسلامی کلاسیکی چاوەڕوانی کردووە، خۆیان بنوێنێن.

ئەمە هەمان ئەو پرسەیە کە دەشێ لە میسر ببینرێ. ئەزموونی هەر یەك لە تورکیاو میسر نیشانیان داوە کە مەرج نییە هاتنە سەر کاری ئیسلامی سیاسی، دەوڵەتێکی ئایینیی لێ بکەوێتەوە. ئاشکراشە کە ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە چەند هۆکارێکەوە هەیە. لە ئێران بزووتنەوەی ئیسلامگەرا رژێمێکی ئایینیی بەرهەم هێنا، لەکاتێکدا هەمان بزووتنەوە نە لە تورکیا رژێمی ئایینیی لێ کەوتەوە نە لە میسر و دەشێ ئەمە پەیوەندیی بەسێ هۆکارەوە هەبێ. یەکەمیان ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئیسلامگەرا لە تورکیاو میسر نەیتوانیوە دەوڵەتی نائایینیی لەناو بەرێ. ئەمەش بەم مانایە دێ کە لە هەلومەرجی ئەم دوو وڵاتەدا هاوسەنگییەك لە نێوان دەوڵەتی نائایینی و دەوڵەتی ئایینی هاتۆتە کایەوە کە دەشێ لە بەرەنجامی کۆتایی بگاتە رادەی پێکەوە ژیانێکی ناچاری. هۆکاری دووەم ئەوەیە کە بەپێچەوانەی ئێرانەوە، بزووتنەوەی ئیسلامگەرا لەتورکیاو میسر بەشێوەیەکی دیموکراتییانە هاتۆتە سەر کارو مۆدێلی تێکهەڵکێش کردنی ئیسلام و دیموکراسیی هێناوەتە ئاراوە. هۆکاری سێیەم پەیوەستە بەدیاردەی پاشەکشەی ئیسلامی ئایدیۆلۆژی و برەوسەندنی دیاردەی ئیسلامی پرەگماتیك کە پێداویستییە ماددییەکان دەخاتە سەرووی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانەوە.

لەمۆدێلی میسر پشتگیریی رۆژئاوا لەهاتنە سەر کاری بزووتنەوەی ئیسلامگەرا بەشێوەیەکی دیموکراتییانەو ئامادەیی میسری ئیخوان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژئاوا بەپێی نەریتە سیاسییەکان، بووەتە مایەی لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی تیۆریی دژایەتی کردنی رۆژئاوا. ئەمرۆ ئیخوانەکان وازیان لەوە هێناوە کە رۆژئاوا بە دوژمن بدەنە قەڵەم. لێپرساوەتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتێك کەژمارەی دانیشتوانی خۆی لەقەرەی ٨٠ ملیۆن کەس دەدا، هانی داون پێداویستییەکانی ئایدیۆلۆژیا لە پێداویستییە ماددییەکان جیا بکەنەوە، کە ئەمەش لەناوەڕۆکدا بەواتای ئەوە دێ کە دەوڵەت شتێکەو ئایدیۆلۆژیای ئایینی شتێکی ترە. ئەمەش دەشێ بەو ئاکامە بگات کە ئیخوان لە ئیسلامی رادیکال دوور بخاتەوەو لە ئیسلامی پرەگماتیك نزیکی بکاتەوە. هەوڵی میسر بۆ قەرزکردن لەبانکی نێودەوڵەتی، وای لەمیسری ئیخوان کردووە مامەڵە بەمولڵکانەی سوو بکاو گوێ نەداتە دەقە پیرۆزەکان کە سوو قەدەغە دەکەن، بە رەچاوکردنی ئەوەی کە میسری ئیخوان هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەر سیستمی بانکیی لۆکاڵدا نەهێناوە کە بنەماکەی قەرزدانە بەسوو.

ئیخوانەکان پەی بە قەوارەی کێشە ئابوورییە گەورەکانی میسر دەبەن و ئێستا بۆیان دەرکەوتووە کە دروشمی «ئیسلام چارەسەرە» کە نیو سەدە زیاترە بەرزیان کردۆتەوە، نەیتوانیوە هیچ گرفتێك چارەسەر بکاو ئەمەش وای کردووە لەبری بەکردەوە بەرجەستەکردنی ئەم دروشمە بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ کێشەکان، هانا بۆ بانکی نێودەوڵەتی ببەن. ئەمە ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ کە هەڵسوکەوت کردن وەك دەوڵەت تەواو جیاوازە لە هەڵسوکەوت کردن لەژێر کاریگەریی دروشمە ئایدیۆلۆژییەکان و ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە هۆشیاری رەنگدانەوەی ماددەیە. لێرەدا میسری ئیخوان لەو سیاسەتەی کە ناچارە بیگرێتەوە بەر، دەستەبەرکردنی نان بەگرنگتر لەخاوێنیی ئایدیۆلۆژیا دەزانێ و ئەمەش لەگەوهەردا هەنگاوێکی سەرەتاییە هەم بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییە دژوارەکان هەم بۆ رزگارکردنی بزووتنەوەی ئیسلامگەرا لەدۆگماو دروشمی بێ بناغەو بژاردە ئایدیۆلۆژییە بێ کەڵکەکان.



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت